
دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ...



٤


ئێران، گیرۆدەی وەهمی ...





٥

ڕۆژی میراتی فەرهەنگی





٨

کەمایەتییە نەتەوەییەکان و بەشداریی...



١٠

پیشانگای کتێبی تاران ...





١١

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٠٥، سێشەممە، ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٢، ٢١ی مای ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

## ئێران، پێشێلکەری ئازادییە ئایینییەکانە

لە راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە ژێر ناوی «ئازادیی ئایینی لە جیهان»دا، پێشێلکردنی ئازادییە ئایینیەکان لە ئێراندا مەحکووم کراوە.

لەم راپۆرتەدا کە ٣٠ی بانەمەڕ بڵاو کراوەتەوە، هاتووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، گرووپە سوننی، بەهایی، یەهوودی، مەسیحیی تەبشیری، ئەو شیعانەی کە باوەڕیان بە ئیدئۆلۆژیی فەرمیی حکوومەت نییە و زەردەشتییەکان ئازار دەدا.

راپۆرتەکە هەوەرها ناوی ئێرانی لە نێوان ئەو وڵاتانەدا گونجاندووە کە لە دین دەرچوون سزای ئێعدامی هەیە.

# بایکۆت، شیاوترین هەڵوێستە

حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانیان بایکۆت کرد.

بە نزیکبوونەوە لە کاتی بەڕێوەچوونی یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە ئێران، ڕۆژی سێشەممە ٣١ی بانەمەڕ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە دەرکردنی راگەیەندراوێ، هەڵوێستیی سیاسیی هاوبەشی خۆیان لەم پێوەندییەدا راگەیاند.





لە بەشێك لەم راگەیەندراوەدا هاتووە: «بەناو هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش بۆ دیاریکردنی سەرۆك کۆمار و هەروەها شۆراکانی شار و گوند، وەکوو هەموو شانۆگەرییەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامی نە پێوەر و پێودانگی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیك و دادپەروەرانەی تێدایە و نە دەنگی راستەقینەی خەڵکیش بە هۆی ئەو بەربەستانەی دانراون، دەتوانێ ڕۆڵی واقعی و گرینگی خۆی ببینێ.»

کۆمەڵە و حیزب هەروەها رایدەگەیەنن: «کۆنە پاسداران و تیرۆریستانی مێژووی سێ دەیەی رابردووی ئەم دەسەڵاتە، جێگەی هیوا و پەیامهێنەری داهاتوویەکی روون نین بۆ کۆمەڵگای ئێران و کوردستان. هەر بۆیە ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە تەحریم کردن و بەشداری نەکردن لە ١١هەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی کە ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێ، پڕماناترین هەڵوێستێکە کە دەتوانێت گەورەترین پەیامی سیاسیی خەڵکی کورد بگەیەنێتە گوێی حاکمییەت و رای گشتیی جیهان کە هەڵاواردن و ستەمگەری و بێبەشکردنی سیاسی، دەبێ کۆتایی پێ بێت.»

لە هەمان کاتدا، ئێوارەی ٣١ی بانەمەڕ، وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێ ناوی هەشت پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی بڵاو کردەوە.

ناوەکانی ئەم کەسانە بریتین لە: سەعید جەلیلی، غوڵامعەلی حەداد عادڵ، موحسێن ڕەزایی، حەسەن ڕۆحانی، محەمەد ڕەزا عارف، محەمەد غەرەزی، محەمەد باقر قالیباف و عەلی ئەکبەر وێلایەتی.

لە خاڵە سەرەنجڕاکێشەکان دەتوانین هێما بکەین بۆ ڕەتی سەڵاحییەتی مۆرە ناسراوەکانی ڕێژیم وەك هاشمیی رەفسەنجانی، سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، ئێسفەندیار ڕەحیم مەشایی، پاڵێوراوی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد، عەلی فەلاحیان و مەنوچێهر موتەکی، وەزیرانی پێشووی ئیتلاعات و کاروباری دەرەوە.

## فەرانسە خوازیاری گەمارۆ و تەریککەوتنەوەی زیاتری ئێرانە

وەزیری بەرگریی فەرانسە دەڵێ ئامریکا و ئورووپا دەبێ «گەمارۆگەلێکی کاریگەرتر» دژی ئێران بگرنە پێش. بەپێی راپۆرتی هەواڵنێریی فەرانسە، ژان ئیڤۆ لوودریان، وەزیری بەرگریی فەرانسە، لە لێدوانێکدا لە دامەزراوەی «کارێنگی» لەمەڕ ئاشتیی جیهانی وتی: «بە سەرنجدان بە نەرمی نەنواندنی ئێران، لێڕوانینی دوولایەنەی گەمارۆکان دەبێ ئەو ئێزنە بدات کە لە مانگەکانی داهاتوودا گوشار دژی ئەم وڵاتە زیاد بکرێ، چونکە چالاکییەکانی ئێران لە بواری پیتاندنی ئۆرانیۆم چ لە باری چۆنایەتی و چ لە باری چەندایەتییەوە، خەریکە پەرە دەسێنێ.»

لوودریان هەروەها وتی: «زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانانی خۆماندا، ئامریکا و ئورووپا، ئەم بەرپرسایەتییەمان هەیە کە لەسەر ئێستراتیژی (بەدواخستن و کاتکوژی) زاڵ بین تا پێش بە پەرەسەندنی ناوکی بگرین.»

هەروەها بەپێی راپۆرتی تەلەفیزیۆنی ئەلعەرەبییە، فیلیپ لایف، وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرانسە دوانیوەڕۆی هەینی رایگەیاند «فەرانسە نایهەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کونفرانسی نێونەتەوەیی کە بڕیار وایە لەمەڕ سووریە لە مانگی داهاتوودا لە ژێنێڤ پێك بێت، ئامادە بێ.»

ناوبراو وتیشی: «قەیرانی سووریە قەیرانێکی ناوچەییە کە کارتێکەرییەکی حاشاهەڵنەگری لەسەر سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەیە و ئێران بە پاڵپشتیی سەربازی لە ڕێژیمی ئەسەد، ڕۆڵێکی نەرێنیی لەم قەیرانەدا بووە.»

فیلیپ لایف بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی نەرێنیی لە قەیرانی ناوچەکەدا گێڕاوە، رایگەیاند: «فەرانسە ناتوانێ ئیزن بدا حکوومەتێك کە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەقامگیریی ناوچە بە ئەژمار دێ، لەم کۆنفڕانسە نێونەتەوەییەدا بەشدار بێ.»

## هۆشداریی ئیسڕاییل لەمەڕ سەوداکانی چەکوچۆڵیی ڕووسیە و سووریە

ئیسراییل هۆشداری دا کە فرۆشتنی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بە سووریە مەترسیی گوواستنەوەی چەکوچۆڵەکان بۆ حیزبۆڵڵا و بەکارهێنانی دژی ئیسراییل و ئامریکای بەدواوەیە.

ڕۆژی شەممە ٢٨ی بانەمەڕ، زیپی لیڤنی، وەزیری دادوەریی ئیسراییل، لە وتووێژ لەگەڵ رادیۆی ئەرتەشی ئیسراییل وتی: «ئەو چەکوچۆڵانەی کە فرۆشراون دەتوانێ لە سووریە یا لوبنان بکەوێتە دەستی کەسانێك کە بە دژی ئیسراییل بەکاری بێنن.»

ڕێژیمی بەشار ئەسەد لەم دواییانە مووشەکی دژەپاپۆڕی «یاخوونت»ی لە مسکۆ وەرگرتووە. ئامریکا لە ڕۆژی هەینی ٢٧ی بانەمەڕ نارەزایەتیی خۆی لەهەمبەر ئەم کردەوەی ڕووسیەدا راگەیاند. بەرنامەی ڕووسیە بۆ فرۆشی قەڵغانی دژەمووشەکیی «ئێس ٣٠٠» بە سووریە هەر لەم ڕۆژەدا لەگەڵ رەخنەی توندی ئیسراییل بەرەوڕوو بووەوە.

ئامووس گیلاد، کاربەدەستێکی پێشووی ئەرتەشی ئیسراییل لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە مووشەکەکانی ئێس ٣٠٠ یا یاخوونت لە کۆتاییدا بکەوێتە دەست حیزبۆڵڵای لوبنان و دژی ئیسراییل و هێزە ئامریکاییەکانی جێگرتوو لە کەنداوی فارس بەکار بهێنرێن.

دەوترێ، ئەو «یاخوونت»انەی کە لەم دواییانەدا کەوتووەتە دەستی دیمەشق، تەیار بە سیستمێکی بان پێشکەوتووە کە هێزی مانۆڕ و وردبینیی پێکانی لەچاو مودێلە پێشووەکانی زیاترە.

کارناسانی سەربازیی ئامریکا لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەمجۆرە هێزی دەریایی سووریە دەستی بە چەکێك گەیشتووە کە دەتوانێ هەرچەشنە هەوڵێك بۆ گەمارۆی دەریایی ئەم وڵاتە یا راگەیاندنی ناوچەیەکی دژەفڕین لەگەڵ شکستدا بەرەوڕوو بکاتەوە.

پەیڤ

زانیار

### کامە هەڵبژاردن؟

هەڵبژاردن لە ڕەوتێکی دێموکراتیکدا، شێوازێکی ئاسایی گۆڕینی دەسەڵاتداران و دەستاودەست بوونی دەسەڵاتە لە نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا و لە دەرئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا، گۆڕان بەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتەکانیشدا دێت. پرۆسەی هەڵبژاردنیش لە سادەترین روانیندا لە سێ خاڵدا چڕ دەبێتەوە، کاندیداتۆرەکان، راگەیاندن و دەنگدەران.

لە یەکەم روانیندا ئەوەی بەرچاوە ئامادە نەبوونی حیزب و لایەنی سیاسی دژبەری سیاسەتەکانی ڕێژیمە لە نێوخۆی ئێران و ئەو ڕێژە کەمە لە حیزب و لایەن کە بوونیان هەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتدان و جیاوازییەکانیان لە بازنەی هەژموونی خوازی و شێوازی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتدایە و لە نێوەرۆکدا و لە باری ئیدئۆلۆژی و روانگەی سیاسییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، هەربۆیەش دەرئەنجامی ململانێی هەڵبژاردن لە نێوانیاندا، لە باری ئاڵوگۆڕی سیاسیدا هیچی بۆ خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران لێ شین نابێ.

سەبارەت بە خودی پرۆسەی هەڵبژاردنیش وەکوو یەکەم هەنگاو، لە کۆی زیاتر لە ٤٥٠ کەس کە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ناونووس کردبوو، تەنیا ٨ کەس لە فیلتێرەکانی شورای نیگابان تێپەڕین کە ئەو ٨ کەسەش جیاوازییەك لە باری نێوەرۆکەوە لە روانگە و بیر و بۆچوونیاندا بەدی ناکرێت و هەموویان لە پێناو سیاسەت و روانگەکانی خامنەییدا گەردنیان لە موو باریکترە.

بینیشمان کە تەنانەت کاندیداتۆری دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد واتە ئێسفەندیار ڕەحیم مەشایی و هاشمیی رەفسەنجانی سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامیش سەڵاحییەتیان ڕەت کرایەوە. هاشمییەك کە لە بناغەدانەرانی کۆماری ئیسلامی بووە و لە کۆی قەیرانە ستراتژیکەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. ئەوەش دەرخەری ئەوپەڕی قەیراناوی بوونی سیاسەتی نێوخۆیی ئێران و لووتکەی بێ‌متمانەیی دەسەڵاتدارانە تەنانەت بە سەرسپاردەترین مۆرەکانی خۆیان. دەنگدەرانیش کە بە پێی ئەزموونی زیاتر لە ٣٠ ساڵی هەڵبژاردن لە ئێراندا، بە هێنانە سەرسندووقیان بە هەڕەشە و فێڵ و تەڵەکە، لە ڕێگەی راگەیاندنێکی ناسەربەخۆوە تەنیا وەکوو ئامرازێك بۆ ڕەوایی دان بە هەڵبژاردنێکی ناڕەوا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و بۆ هەمووان روونە کە ئەوەی بایەخی کردەکیی نییە، دەنگی دەنگدەرانە و لە ئەنجامدا کاندیداتۆری هەڵبژێردراوی ڕێبەر لە سندووقی دەنگدان سەردێنێتە دەر.

هاشمی پاش هەڵبژاردنی ساڵی ٨٤ گوتی شکاتی خۆم دەبەمە لای خودا و مەشایی شکاتی خۆی دەباتە بەر خامنەیی، داخوا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران کە لە ژێر باری نەبوونی مافی شارۆمەندی، گرانیی و سیاسەتە هەڵەکانی دەسەڵاتداران لە هەموو بوارەکاندا پشتیان چەماوەتەوە نزاکانیان بە گوێی کێ دەگات؟

# راگەیەندراوی هاوبەش بە بۆنەی بایکۆت کردنی یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ئێران

**هاونیشتمانانی بەڕێز !**
**گەلانی بندەستی ئێران!**
**نەتەوەی ئازادیخوازی کورد!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەجۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاویدا، یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری بەڕێوە دەبات. ئەمجارەش وەك نەریتی هەمیشەیی خۆی بە وەڕێخستنی پیلان و شانۆگەریی هەمە چەشن، دەیەوێ نیشان بدا کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی و لە چوارچێوەی ویلایەتی فەقیهدا، دەرەتانی هەڵبژاردنی راستەقینە و دادپەروەرانە هەیە و بەرپرسانی کارگێڕیی و شۆرا ناوچەییەکانی ڕێژیم لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە و بە دەنگ و ئیرادەی خەڵك دەسنیشان دەکرێن. بەم چەشنە مۆدێلی خەڵك سالاریی ویلایەتی فەقیهی بە مۆدێلێکی سەرکەوتوو و ئەمڕۆیی نیشان بدا و بە خۆڵ لە چاوی خەڵك کردن، نیشان بدا کە گۆیا ئیرادە و دەنگی خەڵك لە نێو حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا رۆڵی خۆی هەیە.

گومان لەوەدا نییە کە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش وەك درێژەی رەوتی مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بێبەرییە لە هەر چەشنە پرەنسیپێکی دێموکراتیك و هەڵبژاردنی ئازاد و ناسراو لە جیهاندا. لە راستیدا بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران و نوێنەرانی راستەقینەیان و لەوانە نەتەوە بندەستەکانی ئێران، بیرجیاوازانی سیاسی و ئایینی، کەمایەتییە ئایینییەکان و... هتد، هەر بە زەبری یاسا دژە دێموکراتیکەکانی دەسەڵاتی سیاسیی دامەزراو لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهی لە مافە دێموکراتیکەکانی خۆیان بێبەش کراون.

جێی باسە بەرنامەی بەناو هەڵبژاردن هەر لە سەرەتاوە لە بەیتی رەهبەری و دەست و پێوەندەکانی وەکوو وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسدارانەوە دەست پێدەکا و هەر لەوێش کۆتایی پێدێ. وەلیی فەقیە لە ڕێگای مێکانیزمەکانی بەردەستیەوە، کاندیداکانی خۆی دیاری دەکا و تا ئەو جێگایەی بتوانێ بیرجیاوازان یان جیاوازخوازان وەلا دەنێ و شێوازی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دیاری دەکا، ئیمکاناتی حکوومەتی لە ڕێگای جۆربەجۆرەوە دەخرێتە خزمەت کاندیدا دڵخوازەکانیان و لە نێو خەڵکدا بە هەڕەشە و چەواشەکاری دەنگ بۆ کەسی تایبەتی خۆیان کۆ دەکەنەوە و لە رۆژی دەنگداندا بە پیلانی جۆربەجۆر کەسانێك دەهێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان و ئەمە بەو ساختەکاریی و دەستێوەردانەش کۆتایی نایە و بە دەستێوەردان لە پڕۆسەی بژاردنی دەنگەکان تەنانەت ئەگەر پێویست بێ بە ساختەکاریی میلیۆنی ئاکامی هەڵبژاردنەکە بە دڵخوازی خۆیان دەگۆڕن و بەمشێوە کەسی جێ باوەڕی وەلی فەقیە لە سندووقەکان دێتە دەرێ. هەروەك دەزانین پۆستی سەرۆك کۆماری و ئەو پۆستانەی دیکەش کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەناو هەڵبژاردنیان بۆ بەڕێوە دەبەن، کاریگەری و رۆڵێکی ئەوتۆیان لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتی و ستراتێژیکی ئێراندا نییە و لە راستیدا تەنیا کارگێڕی فەرمانەکانی وەلی فەقیهن کە ئەویش خۆی لە سەرەوەی هەموو یاسا و ڕێسایەکەوە دەزانێ و ئیدیعای نوێنەرایەتیی خودا دەکا. ئەو کەسانەش کە لە هەڵبژاردنی دەورەی ١١هەمینی سەرۆك کۆماریدا بەشدارن و لە مەیدانی کێبەرکێی نێو خۆیاندا دەیانەوێ رۆڵ بگێڕن، هەر هەموویان لە مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم لە ماوەی زیاتر لە سی ساڵی رابردوودا بوون و دەستیان لە تاڵان و تاوان و سەرکوت و ئەشکەنجە و ئازار و کوشتار و تیرۆردا هەبووە و هەندێکیان داڕێژەر و بەرنامەدانەری ئەو تاوانانە بوون.

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

بەناو هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش بۆ دیاریکردنی سەرۆك کۆمار و هەروەها شۆراکانی شار و گوند، وەکوو هەموو شانۆگەرییەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامی نە پێوەر و پێودانگی هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیك و دادپەروەرانەی تێدایە و نە دەنگی راستەقینەی خەڵکیش بە هۆی ئەو بەربەستانەی دانراون، دەتوانێ رۆڵی واقعی و گرینگی خۆی ببینێ، هەروەها نە ئەو کەسانەش کە وەکوو براوەی کێبەرکێکە رادەگەیەندرێن دەسەڵات و دەورێکی ئەوتۆیان دەبێ. کەوابوو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئەم دەورەیەش بەم هۆکارانە ناتەبایە لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندیی راستەقینەی ئێوە، ناتەبایە لەگەڵ خواست و داخوازییە رەواکانی ئێوە و تەنانەت ناتەبایە لەگەڵ نیمچە دێموکراسییەکەی وڵاتانی پاشکەوتووش.

هاوکات هیچکام لە رواڵەتەکانی ئەم دەورەیەش وەدیهێنەری ماف و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان نین و ئاڵوگۆڕێك بە قازانجی خواستەکانی جەماوەری گەلی کورد ناهێننە ئاراوە. کۆنە پاسداران و تیرۆریستانی مێژووی سێ دەیەی رابردووی ئەم دەسەڵاتە، جێگەی هیوا و پەیامهێنەری داهاتوویەکی روون نین بۆ کۆمەڵگای ئێران و کوردستان. هەر بۆیە ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە تەحریم کردن و بەشداری نەکردن لە ١١هەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك¬کۆماریی کە رۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێ، پڕماناترین هەڵوێستێکە کە دەتوانێت گەورەترین پەیامی سیاسیی خەڵکی کورد بگەیەنێتە گوێی حاکمییەت و رای گشتیی جیهان کە هەڵاواردن و ستەمگەری و بێبەشکردنی سیاسی، دەبێ کۆتایی پێ بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی**
**٢١ی مەی ٢٠١٣ی زایینی**

## دیداری شاندێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی بانەمەڕ شاندی حیزبی دێموکرات بەسەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری لەلایەن شاندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە بەسەرپەرستیی بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی پێشوازیی لێکرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا بەڕێزان هیجری و موهتەدی بیروبۆچوونیان لەسەر کۆمەڵێك پرس و بابەتی رۆژ و پێوەندیدار بە پرسی کورد لە چوار پارچەی کوردستان و دۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکە باس کرد.

پرسی بە ناو هەڵبژاردن لە ئێران، پرسی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان بەتایبەت هاوکاریی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، چۆنیەتیی کاری هاوبەش و دانیشتن لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی تەوەرێکی دیکەی ئەو دانیشتنە بوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەردوو لایەن لەسەر پێویستیی هاوهەڵوێستی و هاوفکری و هاوکاریی زیاتر لەسەر پرسە پێوەندیدارەکان و دانانی ڕێکاری گونجاو بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی جووڵانەوەی کورد بە گشتی و بەتایبەت کوردستانی ئێران هاوڕا بوون.

## دیداری شاندێکی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری سەردانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد و لەلایەن شاندی کۆمەڵەوە بە سەرپەرستیی بەڕێز عومەر ئیلخانیزادە، پێشوازیی لێکرا.

رۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی بانەمەڕ دوو شاندی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکەوە کۆبوونەوە و لەوێدا باس لە هێندێ پرسی پێوەندیدار بە کورد و ناوچەکە کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و بەڕێز عومەر ئیلخانیزادە هەرکامیان لەسەر کۆمەڵیك پرس و بابەتی رۆژ و پێوەندیدار بە پرسی کورد لە چوار پارچەی کوردستان و دۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکە، وەك پرسی بە ناو هەڵبژاردن لەئێران، بارودۆخی کورد لە پارچەکانی کوردستان، پرسی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان، دووان.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا لێکدانەوەیەك بۆ رەوشی سیاسی، ئابووری و کێشەکانی نێو باڵەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و ناوچەکەدا کراو و هەردوولا لەو باوەڕەدا بوون کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی خۆی رۆژبەرۆژ زیاتر تووشی قەیران دەبێت و توانای چارەسەری ئەو قەیرانە نێوخۆیی و ناوچەییانەی نییە، چونکە بە هۆی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە ئەو کارتە فشارانەی کە یاریی پێدەکرد خەریکە لەدەستی دەدات و لە لایەکی دیکەوە گوشارە ئابوورییەکان، کێشەی نێو قۆڵەکانی ڕێژیم بە هۆی بەرژەوەندیی گرووپیی خۆیان و سەرکوتی بێبەزییانەی خەڵکی ئێران بەگشتی و بەتایبەت نەتەوەکانی ئێران لەئاستی ناوخۆ و ناوچەکە زیاتر تەریك کەوتووەتەوە.

سەبارەت بە پرسی شانۆی هەڵبژاردن لەڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، سەرەڕای پڕوپاگەندە و بازاڕ گەرمییەکان بە هۆی هێندێك مۆرەی ڕێژیم کە هەوڵی پاراستن و درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی دەدەن.

لەلایەکی دیکەوە شاندی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەسەر پێویستیی هاوهەڵوێستی و هاوفکری و دیتنەوەی ڕێکاری گونجاو بۆ هاوکاریی زیاتری نێوان هێز و لایەنەکانی کوردستانی ئێران هاوڕا بوون و پێیان وابوو کەدەبێ بە کردەوە هەوڵی جیددی بۆ ئەو پرسە بدرێت.

## هاودیتنی شاندێکی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

شاندێکی حیزبی دێموکرات لەناوەندی ٣ی کوردستان بە سەرپەرستی سەدیق دەروێشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەشاری هەولێریان کرد.

سەرەتا بەڕێز دەروێشی تیشکی خستە سەر پێوەندییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باسی لە رابردووی ئەو پێوەندییانە کرد و وتی: هیوادارین کە ئەو پێوەندییە و هەروەها پێوەندی نێوان هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان پتەوتر بێ و هەوڵ بدرێ لەسەر بنەمای ئاخێوی نەتەوەیی گوتارێکی هاوبەشی سیاسی پێك بێت.

سەدیق دەروێشی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە پێکهاتنی کۆمیتەی کوردان دا و وتی: حیزبی دێموکرات ئەو کۆمیتەیە بە ماڵی هەموو نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان دەزانێت و لە درێژەدا وتیشی: هیوادارین پڕۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیە و کوردەکانی ئەو وڵاتە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و وەدیهاتنی ئامانجەکانی کوردی لێبکەوێتەوە.

هەڵوێستە سیاسییەکانی کوردستانی سووریە، دۆخی هەرێمی کوردستان و کوردستانی رۆژهەڵات تەوەرێکی دیکەی قسەکانی بەڕێز سەدیق دەروێشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان بوو.



لەبەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە وێڕای وەبیرهێنانەوەی پێوەندیەکانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی نیشتمانی وتی: ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و دۆخی هەنووکەیی خەباتی نەتەوەی کورد پێویستی بە هاوهەڵوێستی و یەکگرتوویی زیاتر هەیە.

سەعدی ئەحمەد پیرە پشتیوانیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە رەوتی ئاشتی لەهەموو بەشەکانی کوردستان بەتایبەت پڕۆسەی ئاشتەوایی تورکیە و کوردەکانی ئەو وڵاتە دەربڕی.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## چاوپێکەوتنی لێژنەی راسپاردەکانی سێهەمین کۆنفڕانسی لاوانی چوار پارچە، لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢١ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی، لیژنەی بەدواداچوونی بڕیار و راسپاردەکانی سێهەمین کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی کوردستان سەردانی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

سەرەتای دیدارەکە بەڕێز جەماڵ محەممەد بە نوێنەرایەتیی لێژنەکە و رێکخراوەکانی لاوان لە چوار پارچەی کوردستان سپاس و پێزانینی خۆیانی پێشکەش بە بەڕێز مستەفا هیجری و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆی پێکهێناون.

پاشان نوێنەری لێژنەکە ئاماژەیەکی کورتی بە کاروباری سێهەم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی چوار پارچەی کوردستانی کرد و بڕیار و راسپاردەکانی کۆنفڕانس و راپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی کەمپی دومیز پێشکەش بە رێزدار هیجری کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دیدارەدا بەڕێز مستەفا هیجری، پیرۆزبایی سەرکەوتن و کۆتایی هاتنی کارەکانی کۆنفڕانسەکەی لەو لێژنەیە کرد و هیوای خواست کە لاوان وەك هێزی داینەمۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا وێڕای پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەمان، بە تەوازوع و روحی لێبوردەییەوە ئەو کەم و کۆڕییەی کە لە کۆنفڕانسی سێهەم هاتە ئاراوە و بە داخەوە یەك کۆنفڕانس بەڕێوە نەچوو، لەکۆنفرانسی چوارەمدا کە لە ژێر چاودێری رێکخراوەکانی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەڕێوە دەچێت قەرەبوو بکەنەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتیشی: پێویستە لاوان لەپێناو یەکگوتاریی نەتەوەییدا کۆنفڕانسی چوارەم بە شێوەیەکی یەکگرتووانە و بەدوور لە هەر بەرژەوەندییەکی تەسکی رێکخراوەیی بەڕێوە ببەن.

رێزدار هیجری لە بەشێکی دیکەی وتەکانیدا پاڵپشتیی حیزبی دێموکراتی بۆ بەئەنجام گەیاندنی بڕیارەکانی کۆنفڕانسی سێهەم بە نوێنەرانی لاوانی چوار پارچەی کوردستان دەربڕی.

## شاندێکی تەڤگەری لاوانی کورد ـ سووریە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد

یەکشەممە رێکەوتی ٢١ی بانەمەڕ، شاندێکی تەڤگەری لاوانی کورد لە سووریە بە سەرپەرستیی محەممەد بەشار ئەندامی بەڕێوەبەری ئەو رێکخراوەیەوە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد کە لە لایەن سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکرات، بەڕێز مستەفا هیجری پێشوازییان لێکرا. سەرەتا محەممەد بەشار حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە حیزبێکی نەتەوەیی و بە هێزێکی کاریگەر کە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کورد لەبەرچاو دەگرێت، وەسف کرد و پاشان چەند وتەیەکی لەسەر دۆخی ئێستای کوردستانی سووریە و بارودۆخی وڵاتی سووریەی پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا بەڕێز مستەفا هیجری رۆڵی لاوانی لە بەرەوپێش بردنی شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد بەرز نرخاند و هیوای خواست لاوان و سەرجەم حیزبە سیاسییەکانی ئەو بەشە لە کوردستان بتوانن بە یەکگرتووی و گوتاری هاوبەشی نەتەوەیی مافەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژاوای کوردستان دەستەبەر بکەن.

## فێستیڤاڵی «دیداری هێمن بۆ ئەدەبیاتی رۆژهەڵات» لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو

رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ١٩ی بانەمەڕ فێستیڤاڵی «دیداری هێمن بۆ ئەدەبیاتی رۆژهەڵات» کە لەلایەن یەکیەتیی نووسەرانی کورد ـ مەڵبەندی گشتی و بە هاوکاری لێژنەی نووسەرانی رۆژهەڵات و هەروەها چاوەدێریی سەرۆکی حکوومەتی




هەرێمی کوردستان، ئامادەکاریی بۆ کراوە، دەستی بەکارەکانی کرد.

ئەو فێستیڤاڵە سەرەتا بە راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی ئەهلی قەڵەم و فەرهەنگی کورد دەستی پێکرد و دواتر چەندین پەیام لەو پێوەندییەدا پێشکەش کران کە بریتی بوون لە:

ـ پەیامی سەرۆکی یەکیەتی نووسەرانی کورد لەلایەن «کاکە مەم بۆتانی»یەوە پێشکەش کرا

ـ پەیامی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن «زیرەك کەماڵ»ـەوە خوێندرایەوە

هەر لەو پێوەندییەدا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر چەند وتەیەکی لەسەر ئاوەدانی و خزمەتگوزارییەکانیان بە بواری فەرهەنگ پێشکەش بە ئامادە بوان کرد.

فێستیڤاڵی «دیداری هێمن بۆ ئەدەبیاتی رۆژهەڵات» بۆ ماوەی سێ رۆژ بەردەوام بوو.

## چەند کاسبکاری کورد بە تەقەی هێزەکانی رێژیمی ئێران کوژران و بریندار بوون

رۆژی شەممە رێکەوتی ١٤ی بانەمەڕ چەند هاووڵاتیی کورد بە تەقەی راستەوخۆی هێزە ئینتزامییەکان کوژراون و بریندار کراون.

نەبی عەبدوڵڵاهی، مەهدی عەبدوڵڵاهی خەڵکی ئاوایی «بانەوەر» و «ساڵح ساڵحی» خەڵکی ئاوایی «سەرکران»ی پاوە لە جادەی ساوە ـ تاران لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە درانە بەر دەسترێژ و لە ئەنجامدا نەبی عەبدوڵڵاهی خەڵکی «بانەوەر»ی شاری پاوە گیانی لێ ئەستێندرا.

هەر لە ئەنجامی ئەو دەسترێژەدا مەهدی عەبدوڵڵاهی برای نەبی و ساڵح ساڵحی بەتوندی بریندار کران و ئەو دەسترێژییە لە ماشینی ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە لەحاڵێکدا بووە کە هیچ کەلوپەلێکیان پێ نەبووە.

هەر لەو پێوەندییەدا مەهدی خەڵکی ئاوایی «بانەوەر»ی سەر بە شاری پاوە لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە بە برینداری دەسبەسەر کرابوو و ناوەندە پێوەندیدارەکانی رێژیم بۆ ئازادکردنی ئەو هاووڵاتییە داوای زیاتر لە یەك میلیارد تمەن وەسیقەیان کردووە.

## سزای ٢٥ ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بە سەر هاووڵاتییەکی کوردستانی رۆژهەڵاتدا سەپا

کەمپەینی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاوی کردەوە، ئەفشین سۆهرابزادە تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی شاری کرماشان بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی ئێران بە ٢٥ ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ گرتووخانەی میناب حوکم درا.




ئەفشین سۆهرابزادە رێکەوتی ١٧ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی لە جادەی سنە ـ سەقز لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر کراوە.

## کەمیی ئارد لەشارکانی دێگولان و مەریوان کێشەی بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە

خەڵکی شاری مەریوان بە هۆی کەمکردنەوەی سەهمیەی ئاردی نانەواییەکان لەگەڵ قەیرانی نان بەرەوڕوو بوونەتەوە.

هاووڵاتیانی شاری مەریوان بۆ وەرگرتنی چەند نان ناچارن کە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر لەبەردەم نانەواییەکاندا رابوەستن و زۆرجاریش و دوای چەندین کاتژمێر راوەستان نانیان دەست ناکەوێ.

بە وتەی هاووڵاتییەکی شاری مەریوان، هەنووکە کێشەی کەم ئاردی بۆتە قەیران و ئەگەری ئەوە هەیە نارەزایەتیی بەربڵاوی خەڵکی لێبکەوێتەوە.

ماوەیەك لەمەوبەر سەهمیەی ئاردی نانەواییەکانی شاری مەریوان لەلایەن شۆرای ئارد و نانەوە بۆ نیوە کەم کرایەوە.

لەلایەکی دیکەوە شاری دێگولان لەپارێزگای کوردستان و چەندین شاری دیکەی ئێران لەگەڵ کێشەی کەم ئاردی بەرەوڕوو بوونەتەوە.

ژمارەیەك لەنانەواییەکانی شاری دێگولان بە هۆی نەبوونی ئاردەوە دەستیان لەکار کێشاوەتەوە و داخراون.

## هێزە نیزامییەکان داوای چۆلکردنی ئاوایی «قوڵقوڵە»ی سەر بە مەریوانیان کردووە

هێزە نیزامییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە دانیشتوانی ئاوایی «قوڵقوڵە»ی سەر بە مەریوانیان راگەیاندووە، دەبێ ئەو ئاواییە چۆل بکەن.

لەدرێژەی گوشاری رێژیمی ئێران بۆ چۆڵکردنی ئاواییەکانی سەر بە شاری مەریوان، بە دانیشتوانی ئاوایی «قوڵقوڵە» راگەیاندراوە، دەبێ هەرچی زووتر ئەو گوندە بەجێبهێڵن.

لەو پێوەندییەدا رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠ی بانەمەڕ بەرپرسانی پاسگای سنووری «قوڵقوڵە» لەکاتی نوێژی هەینیدا بە دانیشتوانی ئەو ئاواییەیان وتووە، دوایین موڵەت و دەرفەتان پێدەدرێ کە ئەو گوندە بەجێبێڵن.

یەکێك لە دانیشتوانی ئاوایی «قوڵقوڵە» بە ماڵپەڕی کوردستان میدیای راگەیاند، رێژیمی ئیسلامیی ئێران بەمەبەستی دامەزراندنی بنکەی نیزامی و ناوچەی مەرزبانی ئەو گوندە چۆل دەکات.

## ئێعدام کرانی ٤ هاووڵاتیی دیکەی کورد لە زیندانی ورمێ

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ٤ هاووڵاتیی کوردی خەڵکی گوندی « تێبەتان»ی ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ، کە ٢ کەسیان بە ناوەکانی «بەکر فەریدی» کوڕی شاکر تەمەن ٣٢ ساڵ و «نەزمی عەبباس نژاد» کوڕی مەحیەدین تەمەن ٣٢ ساڵ و ٢ کەسەکەی دیکە کە ناویان نەزانراوە، لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری ورمێ لەسێدارە دراون. ئەو ٤ هاووڵاتییە کوردە لە کاتێکدا ئێعدام کراون، کە ماوەی ٤ ساڵ بوو لەو زیندانەدا راگیرابوون.

## کۆچی دوایی رۆژنامەنووسێکی کورد لە ئیلام

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، «دۆست عەلی نووروڵڵاهی» لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا و پاش ٢ ساڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ، سەرئەنجام رۆژی شەممە رێکەوتی ٢١ی بانەمەڕ کۆچی دوایی کرد.

ئەو رۆژنامەنووسە کوردە، لە ماوەی نەخۆشییەکەیدا بەدەست گرانیی دەوا و دەرمانەوە وەزاڵە هاتبوو، ناوبراو لە وتوێژێکدا کە لەگەڵ یەکێك لە مێدیاکانی ئوستانی ئیلام ئەنجامی دابوو، باسی لە گرانیی دەرزی «تراو کردنەوەی خوێن» بە بڕی ٧٠٠ هەزار تمەن کردبوو.

دۆست عەلی لە ماوەی تەمەنی فەرهەنگیی خۆیدا بەنووسینی بابەت و وتار هاوکاریی میدیاکانی «ئاوای زاگرۆس، مێهران، راه فەردا، ئیلام فەردا، نێدای ئیلام و نجوا» لە ئوستانی ئیلام کردووە.

## هێزەکانی رێژیم دانیشتوانی ئاواییەکی سەردەشتیان دایە بەر دەسترێژ

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٧ی بانەمەڕ هێزە چەکدارەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لەسەردەشت بە بیانووی بوونی کەلوپەلی قاچاخ دانیشتوانی ئاوایی «بێژوێ»یان دایە بەر دەسترێژ.

ئەو هێزانە بە دانیشتوانی ئاوایی «بێژوێ»یان وتووە ئەگەر لە پێوەندیی دەسبەسەر کردنی کۆڵبەرانی سەرسنووردا یارمەتیان نەدەن، لەگەڵ لێدان و ئەشکەنجە بەرەوڕوو دەبنەوە.

دوابەدوای تەقەی هێزەکانی رێژیم خەڵکی ئاوایی «بێژوێ» بە ژن و پیاوەوە بەرنگاریان بوونەتەوە و لەئاواییەکە وەدەریان ناون.

## چالاکێکی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن تورکیەوە مەترسیی رادەستکردنەوە بە ئێرانی لەسەرە

سەعد ئەیوبی چالاکی سیاسی، هاوڕێ لەگەڵ سێ ئەندامی بنەماڵەکەی بەناوەکانی فاتمە، شادی و پێشەوا ئەیوبی لەلایەن پۆلیسی تورکیەوە دەسبەسەر کراون و مەترسی دیپۆرتکردنەوە بۆ ئێرانیان لەسەرە.

سەعد ئەیوبی بەماڵپەڕی کوردستان میدیای راگەیاند، رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٤ی بانەمەڕ لە کاتێکدا کە دەمانویست بەرەو ئورووپا وەرێ بکەوین لەلایەن هێزی دەریایی تورکییەوە دەسبەسەر کراین و بۆ کەمپێك لە شاری «چەنەقەلە»ی تورکیە راگوێزراین.

ئەو چالاکە سیاسییە وتیشی: لەلایەن پۆلیسی تورکییەوە پێمان راگەیەندراوە رۆژی دووشەممە ٣٠ی بانەمەڕ رادەستی باڵوێزخانەی رێژیمی ئێران لە تورکیە دەکرێن.

ئەو چالاکە سیاسییە هەنووکە لەگەڵ بنەماڵەکەی لە کەمپی «ئاوەجیك»ی چەنەقەلە لە نزیك شاری «ئیزمیر»ی تورکیەن.

سەعد ئەیوبی ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لەشاری بۆکان لەدایك بووە و مانگی رەزبەری ساڵی ١٣٩١ بەهۆی زەخت و گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی ئێران بەناچاری زێدی خۆی بەجێهێشت.

## کۆچی دوایی باوکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە سەقز

باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

فەیزوڵڵا ناسرسەقزی باوکی شەهید فایەق ناسر سەقزی، لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری سەقز ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

فایەق ناسر سقزی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و ساڵی ١٣٧٠ لەلایەن رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە ئیعدام کرا و چووە ریزی شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە کەسوکار و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو فەیزوڵڵا ناسرسقزی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

# شووراکان، بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن

■ ڕەزا فەتحوڵلانژاد

هەراوهوریای تەبلیغاتی بۆ شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شانۆی هەڵبژاردنەکانی شووراکانی شار کە هاوکات بەڕێوە دەچن، هەر بەردەوامە و تا لە ڕۆژی بەڕێوەچوونیان نزیك دەبینەوە، زیاتر و توندتر دەبێ. لەم نێوەدا خەڵکی کوردستان بە گشتی لە بەراورد لەگەڵ خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێران بەپێی ئامارەکانی ساڵانی پێشووی خودی ڕێژیم لەمەڕ ئاستی بەشداریکردن لە هەرکام لەم شانۆیانەدا، هەڵسوکەوتێکی جیاوازیان لە خۆیان نیشان داوە. بۆ نموونە ئاستی بەشداریی خەڵکی کوردستان لە خولەکانی پێشووی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا، ئۆلگوویەکی ڕوون نیشان دەدا، ئەویش ئەوە کە هەمیشە بەشداری لە چوار ئۆستانی ئیلام، کرماشان، کوردستان و ورمێ لە نێونجی بەشداریی خەڵکی سەرانسەری ئێران، کەمتر بووە. بەڵام بەشداریی خەڵکی کوردستان لە شانۆکانی هەڵبژاردنەکانی شووراکاندا ئۆلگوویەکی ڕوون نادا بەدەستەوە، چونکە بەشدارییان لە خولێکەوە بۆ خولێکی دیکە و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بەرز و نزمی زۆری بەخۆیەوە بینیوە کە ئەمەش بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە.

لێرەدا لە پێوەندی لەگەڵ شانۆی هەڵبژاردنەکانی شووراکاندا بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵی سەرەکی دەکەین.

**ـ کاندیداکانی شوورای شارەکان**

ئەو کەسەی دەبێتە کاندیدای هەڵبژاردنی شارەکان لە فیلتێری دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم وەك ئیتیلاعات و سپای پاسداران لە شارەکان تێدەپەڕێ، دیارە ئەمە بەو مانا نییە کە هەموو ئەو کەسانەی لەو فیلتێرانە تێدەپەڕن، دواجار کار بۆ ئەم دەزگایانە دەکەن چوونکە هیچ دوور نییە کە لە ڕەوتی فیلتێرکردنەکەیشدا هەڵە بکەن یان تەنانەت لەوانەیە ئیزن بدەن هێندێ کەسی خۆشناویش ببنە کاندیداتۆر کە ئەم حاڵەتانەش بینراون. مەسەلەکە لێرەدا سرووشتی کارەکە و سەرنجدان بەو ڕەهەندەیە کە ئوسولەن هۆکارەکەی چییە کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێوشوێنە توندانەی گرتووەتە بەر و دەیهەوێ پێش بە چی بگرێ و چی جێبەجێ بکات. ڕاستییەك لێرەدا حاشاهەڵنەگرە ئەویش ئەوەیە کە ئامانجی ڕێژیم زیاتر لەوەی بژاردنی کۆمەڵێك کاندیدا بۆ خزمەتکردنی خەڵك و وەدیهێنانی بەرنامە ڕواڵەتییەکانی شووراکان بێ، بژارکردنیانە بەمەبەستی هەرچی زیاتر خزمەتکردنی شووراکان بە خودی ڕێژیم. کەوابوو ئەگەر کەسێك ڕێژیمی قبووڵ نەبێ و بزانێ کە ئەوانەی دەبنە کاندیداتۆر بە فەرمی ڕایانگەیاندووە کە یاسای بنەڕەتی ڕێژیمیان قبووڵە و لە فیلتێری ئەمنییەتیش تێپەڕیون، چۆن دەتوانێ لەسەر سندووقەکانی دەنگدان ئامادە بێ و دەنگ بخاتە نێو ئەو سندووقانەوە. ئەمە لە کوردستاندا بەرچاوترە، کاتێك بزانین کوردستان زیاتر لە هەر شوێنێکی دیکەی ئێران بەئەمنییەتی کراوە و دەزگا سیخوڕییەکانی ڕێژیم بە چاوی گومانەوە لە هەر کەسێك دەڕوانن کە بە خزمەتکاری خەڵك ناسرابێ.

**ـ دەسەڵاتی شوورای شارەکان**

دەسەڵاتی شووراکان هەم بەپێی یاسای پێوەندیدار و هەم بەپێی ئەو شەواهیدەی لە خولەکانی پێشوو بینراون، تا ڕادەی درووستکردن و ڕووخاندنی فەلەکەیەك یان تێکدانی شەقامێك یان چاندنی چەند دارێك لە پارکێکدایە، چوونکە زیاتر لەوە، بەستراوەتەوە بە تەئیدی ئۆرگانە ئینتسابییەکانی وەك فەرمانداری و ئۆستانداری. جگە لەمە شوورای شارەکان هیچ مەسوونییەتی قەزاییان نییە، بۆ نموونە بەتایبەتی لە کوردستاندا بینراوە کە شوورای شارەکان لە لایەن ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون، زیندانی و ئەشکەنجەیش کراون. یانی بەو شێوە نییە کە ئەگەر لە فیلتێرەکە تێپەڕین و بوون بە شوورا، ئەو ئۆرگانە سەرکوتکەرانە وازیان لێ دێنن، بەڵکوو دواتریش بە درووستبوونی بچووکترین گومان، دەستبەسەریان دەکەن و بەرپرسیارەتییەکەیان لێ دەستێننەوە.

**ـ دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆی ئۆرگانە سەرکوتکەرەکان**

زۆر جار لە شارەکانی کوردستاندا بینراوە، کە پاش ئەوەی کاندیداکانی شوورای شارەکان لە فیلتێری ئۆرگانە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمیش تێپەڕیون و بە فەرمی تەبلیغاتی هەڵبژاردنی خۆیان دەست پێکردووە، ئەو ئۆرگانانە لە بەشێك لە کاندیداکان یان لە کاندیدایەکی دیاریکراو پشتیوانی ماڵییان کردووە و بە مۆرەکانی خۆیان ڕاگەیاندووە کە دەنگ بەو ناوە دیاریکراوانە بدەن. بۆیە تەنانەت ئەگەر کەسی خۆشناویش کاندیدا بێ و خەڵکێك هەبن کە بە دڵسۆزی بزانن و پشتیوانی لێ بکەن، دیسان ئەگەری براوەبوونی کەمە. ئۆرگانە سەرکوتکەر و سیخوڕییەکانی ڕێژیم وەك چۆن لە شوێن بە شوێنی شارەکاندا، هەر لە قوتابخانە و مزگەوتەکانەوە بگرە تا بازاڕ و کتێبخانە و هتدەوە مۆرەی خۆیان دادەنێن و دزە دەکەنە نێویان، بەو شێوەیش لەسەر شوورای شارەکان کار دەکەن تا بە تەواوی بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

**ـ چۆنیەتی ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکان**

ڕێژیم هەمیشە لە ناکۆکییە ناوچەیی، نەتەوەیی، مەزهەبی، عەشیرەیی و فەرهەنگییەکان بۆ بردنەپێشی ئامانجەکانی خۆی کەڵك وەردەگرێ، چۆن دەورانێك هەبوو کە خەڵکی ناوچەیەك، عەشیرەتێك یان مەزهەبێکی تایبەتی هان دەدا کە ببنە بەسیج و چەکی ڕێژیم لەشان بکەن تا بەڕواڵەت هێزیان لە بەرامبەر ناوچەیەك، عەشیرەتێك یان مەزهەبێکی دیکە زیاتر بێ، ئێستایش هەر لەو شێوازە کۆنە بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر ئەو جۆرە سندووقانە کەڵك وەدەگرێ. واتە داوێك دانراوە کە خەڵکی بێئاگا تووشی دەبن. هەتا دەمارگرژی نابەجێی عەشیرەیی، نەتەوەیی، مەزهەبی یان فەرهەنگی و چینایەتی هەبێ، حکوومەتێکی وەك کۆماری ئیسلامی کەڵکی خۆی وەردەگرێ، بۆیە ڕێژیم نەتەنیا هیچکات نەیویستووە ئەو جۆرە ناکۆکییە زیانبارانە کۆتاییان پێ بێ، بەڵکوو هەمیشە بە شێوەی جۆراوجۆر پەرەی بەو ناکۆکییانە داوە تا لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ. بۆیە هەر کەسێك کە ڕێژیم بە دوژمنی خەڵکی ئێران دەزانێ، پێویستە بەئاگا بێ لە کەوتنە نێو ئەو داوەوە ڕەنگاورەنگەوە. کاتێك شووراکان هیچ کارەن، ئیدی چ گرینگە ئەندامانی سەر بە کام نەتەوە، مەزهەب یان عەشیرەت بن و گرینگتر لەوەش جیاوازیدانان و هەڵاواردن بە هەر شێوەیەك جگە لە خەسار، قازانجێکی دیکەی بەدواوە نابێ.

**ـ بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن**

ئێستا کە کاندیداکانی شووراکان بەو شێوە لە هێڵەك دەدرێن، لە بنەڕەتدا بێدەسەڵاتن، هێزە سەرکوتکەرەکان ئەوپەڕی دەستێوەردانی تێدا دەکەن و ڕێژیم هەوڵ دەدا لە ڕێگەی بەشداریی خەڵکەوە پەرە بە کۆمەڵێك ناکۆکیی نابەجێ لە نێو کۆمەڵگادا بدات، کەوابوو بەشداریکردن لە شانۆی ئەمجارەی هەڵبژاردنی شووراکان چ مانایەکی هەیە؟ بەتایبەتی ئەمجارە کە کاتی بەڕێوەچوونی هاوکاتە لەگەڵ بەڕێوەچوونی بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری و ئامادەبوونی خەڵك لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بە شووراکان لە چاو ڕاگەیەنەکانەوە هەر وەك ئامادەبوون لەسەر سندووقەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەقەڵەم دەدرێ.

# دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتاندا

■ موعتەسەم نوورانی

لە وڵاتانی دێموکراتیك، شەفافییەت لە بووارەکانی سیاسەتی دەرەوەدا بۆ دارشتنی پێوەندیی عەقڵانی و پتەو لەگەڵ وڵاتانی دیکە لە بوواری نێونەتەوەییدا، بنەمایەکی گرینگە، سیاسەتی دەرەوە لە سەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتیانە و قازانجی گشتیی کۆمەڵگا و دەستێوەرنەدان لە کاروباری وڵاتاندا وەك پێویستییەکی گرینگ لەبەرچاو دەگیرێ و بەڕێوە دەچێ، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەو پرنسیپانە لەبەرچاو ناگیرێ. ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە بە گوێنەگرتن لە یاساو ڕێساکانی نێونەتەوەیی، دەست لە کاروباری دراوسێکان و وڵاتانی دیکە وەر دەدا.

ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوای ساڵی ١٣٥٧ەوە بریتی بووە لە: هەنارده کردنی شۆڕشی ئیسلامی، وەڕێخستنی بیرۆکەی جیهاد، لە دوو بواری کولتووریی و سەربازییدا دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتاندا و یارمەتیدان بە بزووتنەوە ئیسلامییە بناژۆییەکان. ئەو سیاسەتە لە دوای کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵی ١٣٦٧ەوە بە تەواوی پەرەی ئەستاندوە. بەتایبەت دوای هەڵبژاردنی هاشمی ڕەفسنجانی وەك سەرۆك کۆمار، ڕێژیم دەستی ئاوەڵاتر بوو بۆ دەستێوەردان بەتایبەت بە هەڵبژاردنی ڕێبازی «امالقری» کە شێوەیەکی دیکەی فەندەمێنتالیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە خوازیاری پەرەپێدانی جیهانی ئیسلامە بەو شێوەی کە بۆ خۆیان مەبەستیانە. هەر ئەوەکات ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی گشتی بە ڕێبەریی ڕەفسنجانی کە تازە ببوو بە سەرۆك کۆمار بڕیاریدا کە کۆماری ئیسلامی بەبێ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوە و هەنارده کردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی ناتوانێ درێژە بە مان و مەوجوودییەتی خۆی بدا.



هەر بۆیە بڕیاردەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو ڕێژیمە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان وەك دایکی وڵاتانی ئیسلامی هێنایە ئەژمار کە دەتوانێ ناوەند و پێگەی بزووتنەوەکانی فە ند ە مێنتا لیز می ئیسلامی بێ. لە ڕوانگەی کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمەوە، بە بێ یارمەتیی کۆمار ئیسلامی، بزووتنەوە توندڕەوەکانی ئیسلامی ناتواتن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن. ئەو شێوە بیرکردنەوە بووەتە سیاسەتی کۆنکرێت و نەگۆڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران. سیاسەتی ڕێژیم بە دوای هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نژاد لەگەڵ ئەوەی بە پرنسیپەکانی ڕەفسنجانی وەفادار مایەوە، لە پێوەندی لەگەڵ پرۆگرامی ناوکیی ئێران لە بەرامبەر ئامریکا و هاوپەیمانانی ڕاوەستاوە، ئەوەش بوو بە هۆی داسەپاندنی چەندین بڕیارنامە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و دانیشتووانی ئێران چوونە ژێر باری گەمارۆی توندی ئابووری، نەوتی و بانکی. سیاسەتی هەڵەی کاربەدەستانی ڕێژیم بووەتە هۆی ئەوەیکە ئێران بە تەواوی لە کۆمەلگای جیهانی دابڕێ. دۆخی ئابووری و سیاسیی ئەو وڵاتە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەڕوا و پێشبینی دەکرێ کە ئاوەسان بگاتە ڕادەی ٤٠٪ و گەشەی ئابووری بگاتە ٤ی ژێر سفر.

ئێران قەیراناوییە، هەڕەشە و ترساندن لە لایەن ئۆرگانەکانی سەرکوتکەر یەکجار زۆرە، بەڕێوەبەران بۆ نەجاتی وڵات دەستەوەستانن، ژێرخانی ئابووری وێرانە، مودیریەت و بەڕێوەبەری پەرێشانە و لەگەڵ ئەوەش دۆخی شپرزەی ژیان و ئەمنییەت لەوپەڕی خراپیدایە. کاربەدەستانی ئێران لە جیاتی چارەسەری کەموکووڕییەکان، بەشێکی بەرچاوی داهاتی وڵات سەرفی دەستێوەردانی وڵاتانی دیکە دەکەن. سوپای قودس، لقی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە وڵاتانی دەوروبەری کەنداو، لە ئازەربایجان، بەحرەین، سووریە، عێراق، لوبنان و بەشێك لە وڵاتانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بە تەواوی دەستی خستووەتە کاروباری وڵاتان. لەم پێوەندییەدا دەتوانین هێما بکەین بۆ مەحکوومەییەتی دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم لە دادگاکانی کێنیا، نیجریە، گیرانی بە کر ێگیر ا و ا نی ڕێژێم لە تایلەند، ئازەربایجان، کوەیت، بەحرەین، یەمەن،... هەروەها گیرانی ٢ کەس لە کانادا بۆ تەقاندنەوەی ڕەیلی قەتاری ئەم وڵاتە کە سەر بە ئەلقاعیدە بوون و پێوەندیی نزیکیان لەگەڵ سوپای قودسی ئێران هەبوو. عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ئێران و عەلی ئەکبەر ساڵحی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بە ڕاشکاوی دەڵێن: «سووریە هاوپەیمانی ئێمەیە و ئەوە مافی ئێرانە کە بەرگری لە سووریە بکا.» سوپای پاسدارن لە ڕێگای جۆراجۆرەوە هاوکاری سووریە دەکات، چەند ڕۆژ پێش ئێران بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین باڵوێزی خۆی لە قێبرس بانگهێشت کردەوە. ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست سەبارەت بەو کێشەیە نووسیی: «ڕۆژی هەینیی ڕابردوو بەرپرسانی فەرمیی ئێران گوتوویانە، ئێران باڵوێزی خۆی لە قێبرس بردۆتەوە. بە نیشانە ناڕەزایەتی لە هەمبەر دەوڵەتی قێبرس کە سەعید موحەببەت بە ڕەچەڵەك ئێرانی، بۆ لێکۆڵینەوە داوەتەوە بە ئامریکا.» ئاغای کاسولیدس وەزیری کاروباری دەرەوەی قێبرس دەڵێ: ئاغای سەعید موحەببەت گومانی ئەوەی لێدەکرێ گەمارۆکانی ئەمریکای پەشێل کردووە.

هەواڵنێریی ڕۆیتەرز ڕۆژی پێنج شەممە ١٢ی بانەمەڕی١٣٩٢ی هەتاوی نووسیی کە: «دوو ئێرانی بە تاوانی دانانی بۆمب لە شارەکانی کێنیا تاوانبار ناسران. ئەو دوو کەسە کە هاووڵاتیی ئێرانین، دادگایی کران و لانیکەم ١٥ساڵ زیندانی دەکرێن.» هەروەها هێندیك سەرچاوەی هەواڵ باسی پیلانی ئەو دوو کەسەیان کرد کە ئەوانە تیمێکی تیرۆریستی بوون کە دەیانویست هێرش بکەنە سەر دامەزراوەکانی ئەمریکا، بریتانیا، ئیسراییل و سعوودی لە کێنیادا. ئەو دووکەسە ١٠٠ کیلو گرەم تەقینەوەی بەهێزیان پێبووە.

ئەو نموونانە و سەدان نموونەی دیکە لەسەر دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و تیرۆر لە لایەن ئێرانەوە هەیە کە بۆ بەهێز کردنی هیلالی شیعە و ڕاگرتن و پەرەپێدانی ویلایەتی فەقیە بنەمای مان و مەوجوودیەتی ئەو سیستمەن.

www.washingtonpost.com

# ئێران، گیرۆدەی وەهمی ڕەگەزپەرەستی

■ سەلام ئیسماعیل پوور




بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەمەڕ بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی ڕەگەزپەرەستانە لە لایەن ڕاهێنەرێکی پلەبەرزی فووتباڵی ئێرانەوە دژ بە یاریزانێکی هولەندیی بە ڕەچەڵەك ئەفریقایی، لەم ڕۆژانەدا بابەتی ڕەگەزپەرەستیی لە ئێراندا کردە ڕۆژەڤی باسە میدیاییەکان.

پرسی ڕەگەزپەرەستی و باسکردن لە بوونی ئەو بابەتە لە نێو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شوێندانەریی لەسەر ڕەوتی بڕیاردانی گشتی لە ئێراندا، ئەگەرچی بە ڕواڵەت وەکوو تابۆیەکی لێ هاتووە کە هەمووان دەیانهەوێ حاشا لە ڕادەی کارتێکەریی لە قووڵایی هەست و نەست و بیرکردنەوەی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا بکەن و تەنانەت نکۆڵی لە بوونی دیاردەیەك بە ناوی ڕەگەزپەرەستی و ئاسەوارە زیانبەخشەکانی لەسەر فەرهەنگی پێکەوەژیانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بکەن، بەڵام بە تێڕامانێك لەسەر هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان، ئەم ڕاستییەمان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت کە ڕەگەزپەرەستی جەوهەری سەرەکیی زۆربەی هەڵسوکەوتەکان، هاوڕێیەتییەکان، دوژمنایەتییەکان، پێوەندییەکان، گاڵتەجاڕییەکان و بڕیاردانە گشتی و تاکەکەسییەکانی ئێرانییەکان بەتایبەتی لە چەند دەیەی پاش کوودێتای ڕەزاخان لە ئێراندا بووە.

لەو کاتەوە کە ڕەوتی داڕمانی کۆمەڵگای ئێران بوو بە هۆی لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی ساسانی و زاڵبوونی هەزار ساڵەی هۆز و نەتەوە داگیرکەرەکان بە سەر ئێراندا، کۆمەڵێك لە ئێرانییەکان لە ڕەوتی گەڕان بە دوای هۆکارەکانی داڕمانی ئۆتۆریتەی ئەفسانەیی ئێراندا، بەخۆدزینەوە لە بەرپرسیارەتیی خودی ئێرانییەکان لەم بندەستی و دواکەوتوویییە سەدان ساڵەیەدا، قامکی تاوانیان تەنیا خستۆتە سەر عەرەبەکان، تورکەکان، تاتارەکان، مۆغۆڵەکان، ئۆزبەکەکان و ... لە هەزارتۆیی وەهمەکانیاندا خۆیان بە ئەفسانەی «ئێرانیی ڕەوشت پاك» و «نائێرانیی ئەهریمەنخوو» خەریك کرد و هەموو ڕاستییەکان، چاکییەکان و خێرەکانیان لە تۆرەمەی کاووس و تاج و تەختی کیانی و فەرهی ئیزەدیی شاهانی خۆیاندا بینیەوە. لە لایەکی دیکەوە، لەو دیوی سنوورەکانی ئێرانی وەهمایی خۆیاندا، کۆمەڵێك هۆزی دڕندە و برسی و بێبەری لە شارستانییەت و شکۆی شاهانەیان وێنا کرد کە چاوی تەماحیان بڕیوەتە سامان و شکۆی ئەفسانەیی ئێرانییەکان و دایم لە بیری ئێران و داڕشتنی پلانێك بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم وڵاتەدان.

ئەم وەهمە نالۆژیکیانە جێگایەکیان بۆ دۆستایەتیی نەتەوەکانی دیکە و سەرهەڵدانی بیرۆکەگەلی جیهانی و مرۆڤتەوەرانە لە ئاستی سیاسەت و فەرهەنگی زاڵ بە سەر ئێراندا نەهێشتۆتەوە و ڕەنگە هەر بەم هۆیەشەوە بێت کە ئەندێشە جیهانگرەکانی وەك دێموکراسی، سۆسیالیزم، کۆمۆنیزم و تەنانەت ئایینزا و ئایینەکانی وەك ئیسلامیش کاتێك گەیشتنە ئێران، شێوازێکی خۆجێیی و تێکەڵاو لەگەڵ ئەم وەهم و خەیاڵانە لەخۆ دەگرن، بە جۆرێك کە بەردەوام شاهیدی سەرهەڵدانی پێناسەگەلی نوێ لە هزر و پێوەرە جیهانییەکان لە ئێراندایین، بۆ نموونە، لەم ڕۆژانەشدا زۆرجار وشە و چەمك و دەستەواژەگەلی وەکوو «مۆدێلی ئیسلامی ـ ئێرانیی پەرەپێدان»، «قوتابخانەی ئێرانی» و «مافی مرۆڤی ئیسلامی (لە ڕاستیدا ئێرانی)» لە زمانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە دەبیستین کە دەربڕی بێ‌متمانەیی ئێرانییەکان بە ئەندێشە مرۆییە جیهانگرەکان و هەستی بەربەرەکانێ و دژایەتی لەگەڵ هزر و بۆچوونەکانی هەڵقووڵاوی نەتەوەکانی دیکەیە.

جەختکردنەوەی بەردەوام لە سەر دەستەواژەگەلی وەکوو «نەتەوەی مەزنی ئێران»، «شارستانییەتی درەوشاوەی ئێران»، «زمانی شیرینی فارسی»، «شکۆی دێرینی ئێران» و ... کاتێك کە لەگەڵ سووکایەتی بە داب و نەریت و تەنانەت شێواز و ڕووخساری کەسانی سەر بە نەتەوەکانی دیکە هاوکات دەبێت، شەپۆلێك لە خۆبەزلزانی و لەخۆباییبوون و زاڵخوازی بە سەر ئەوانی دیکە، لە هەست و هزری تاکەکانی کۆمەڵگادا پێك دێنێ. سووکایەتیکردن بە تورکەکان، لوڕەکان، عەرەبەکان و ... لە ڕێگەی هەڵبەستنی چیرۆك و ئوستوورە و قسە و قسەڵۆکی نەشیاو و سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی گەلانی دیکە لە لایەن کەسانێکەوە کە ئامادە نین بچووکترین گاڵتە بە کەسایەتیی «کوروشی هەخامەنشی» ببیستن، هەڵسوکەوتی کەسانێکمان وەبیر دەخاتەوە کە هەر ڕۆژەو ئاڵای نەتەوەیەك ئاگر تێبەر دەدەن و دژی ئەم وڵات و ئەو وڵات دروشمی «مەرگ و نەمان» دەدەن، بەڵام بچووکترین هەڵەی گووگل لە پێوەندی لەگەڵ ناوی کەنداوێکی باشووری ئێران هەڵایان لێ بەرز دەکاتەوە و وا دەکەونە «شین و ڕۆڕۆ بۆ ئێران» کە دەڵێی تەنیا ئەوان مافیان هەیە سووکایەتی بە پیرۆزییەکانی گەلانی دیکە بکەن و خەڵکی دیکە لە بەرامبەر ئەواندا دەبێ بێدەنگ و دەستەوەستان بن.

زۆرجار دیتراوە کە پاش هەر دانیشتنێکی «ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو» یان «لووتکەی عەرەبی» و هەڵوێستی ڕێبەرانی وڵاتانی عەرەبی لە پێوندی لەگەڵ سێ دوورگەکان، کۆمەڵێك لە ئێرانییەکان چ لایەنگر و چ دژبەری ڕێژیم، هاودەنگ لەگەڵ وتەبێژە فەرمییەکانی ڕێژیم، ڕق و قینی ڕەگەزپەرستانەی خۆیان لە عەرەبەکان، لە ژێر ناوی دڵسوزی بۆ دایکی نیشتمان و «هەستی نەتەوایەتی» و «سەروەریی نەتەوەیی»دا هەڵدەڕێژن و مەزنایەتیی نەتەوە، شارستانیەت، پێشینەی فەرهەنگی و نەخشەی جوگرافیای ئێران لە نێو چاوی وڵاتانێك دەدەن کە بە وشەی سووکایەتیکەرانەی «شێخنشینەکانی پەراوێزی کەنداوی هەمیشەفارس» یان «دەوڵەتۆکەی ئیمارات» ناویان لێ دەبەن، نەتەوەکانیان بە کۆمەڵێك لۆمپەن و ورگدڕاو و حوشترباز و دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتانە بە شێخە کۆنەپەرستەکان و داردەستی بیانییەکان دەزانن.

لە وەها کەشوهەوایەکدایە کە خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمیش مافی ئەوە بە خۆی دەدات لە لێدوانێکدا بۆ کۆمەڵێك لە ژنان بڵێت: «ڕۆژاواییەکان، بە تایبەتی ڕەگەزە ئورووپاییەکان، لە ڕەگەزە وحشییەکانن، ئەمانە لە ڕواڵەتدا ڕێکوپێك و خاوێن و بۆنخۆشن، بەڵام ئەو دڕندایەتییەی کە لە مێژوودا هەیانبووە، هێشتا لە ناخ و دەروونیاندایە».

سەیر ئەوەیە کە ئەگەر لەم کەسانە ناونیشانی ڕەگەزپەرستی بپرسین، بە بێ هیچ دوودڵییەك، قامك بۆ عەرەبەکان، تورکەکان، ئیسرائیلییەکان، ئاڵمانیەکان و ئەوانی دیکە ڕادەکێشن و ڕۆحی زاڵ بە سەر خۆیان و خەڵکەکەیان بە ئیلهامگرتوو لە هۆنراوەی بە ناوبانگی سەعدی شیرازی دەزانن کە دەڵێ: «مرۆڤەکان هەموویان ئەندامەکانی یەك جەستەن.»

هەموومان تا ڕادەیەك بیستوومانە کە هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پەنابەرانی ئەفغانیی نیشتەجێی ئێران و تەنانەت تێڕوانینی بەشێك لە خەڵکی ئاسایی لەگەڵ بابەتی ئەفغانستان و ئەفغانییەکانی نیشتەجێی ئێران تا چ ڕادەیەك قیزەون و پڕشوورەیی و ڕەگەزپەرستانەیە و وشەی «ئەفغانی» لە بیرکردنەوەی زۆرێك لەوانەدا تا چ ڕادەیەك هەڵگری باری واتایی نەرێنی و تایبەتمەندیی دژەمرۆیی و پڕسووکایەتییە.

کەسانێك کە ئەفغانستان بە بەشێك لە بیاڤی شارستانیەتی ئێران و زمانی فارسی دەزانن، بە دەسەڵات گەیشتنی ئەفغانییەکان لە دواساتەکانی دەسەڵاتی سەفەویدا بە «فیتنەی ئەفاغنە» ناو دەبەن، لە حاڵێکدا کە مرۆڤکوژییەکانی شائیسماعیل و شاعەباس بە ڕێزەوە چاو لێ دەکەن و ئەوان بە زیندووکەرەوەی شکۆ و مەزنایەتیی ئێران دەزانن. ئەم ڕاستییەش نیشاندەری تێڕوانینی دوژمنکارانە و دژەمرۆیی بەرامبەر بە نەتەوە و ڕەگەزی ئەفغانییەکانە.

سادق زیباکەلام، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان لەو باوەڕەدایە کە تەنانەت دژایەتیی شیعەکانی ئێران لەگەڵ ئایینزای سوننە و دژایەتیی ڕووناکبیرانی سێکۆلاری ئێرانیش لەگەڵ ئیسلام لەم هەستی ڕق و دوژمنایەتیی ڕەگەزییە بەرانبەر بە عەرەبەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

فیرووز کەریمی، ئەو سەرهەنگە پاسدارەی کە چارەنووس بەرەو دنیای پاك و بێگەردی فووتباڵ ڕێنوێنیی کرد، کاتێك کە بەو یاریزانە ڕەشپێستە بە ڕەچەڵەك ئەفریقاییە دەڵێ «مرۆڤخۆر»، ڕەنگە لە بیری چووبێت، یان نەیخوێندبێتەوە کە باب و باپیرانی شارستانیی ئەو لە سەردەمی گەشە و شکۆمەندیی شارستانیی ئێران! واتە سەردەمی سولتانە خوێنمژەکانی سەفەویدا چۆن بە خواردنەوەی مەی لە کاسەی سەری دوژمنانی خۆیاندا سەرخۆش دەبوون و «شاعەباس» کە مەزنیخوازانی ئێرانی دواتر نازناوی «مەزن» یان وەکوو کەوایەك بە بەریدا کرد، چۆن بڕیاری بە سۆفییەکانی خۆی دەدا لە پێش چاوی خۆیدا گۆشتی جەستەی نەیارانی بە زیندوویی بخۆن و هەموو ئەوانەش تۆزقاڵێك لە مەزنایەتیی ئەو کەم ناکاتەوە.

شائیسماعیلی یەکەم پاش زاڵبوون بە سەر «شەیبەکخانی ئۆزبەك»دا، تەرمەکەی خستە بەردەم باوەڕداران و پیاوە ئایینی و سۆفییەکان و بە سۆفییەکان (زانایانی ئایینیی دەربار) گوتی: «ئەوەی سەری منی خۆش دەوێ، لە گۆشتی ئەم دوژمنە بخوات». خواجە مەحموودی ساغەرچی کە لەو هەرایەدا ئامادە بووە، دەڵێ: «پاش بڕیاری شا، کێبڕکێی سۆفییەکان بۆ خواردنی تەرمی شەیبەکخان گەیشتە ڕادەیەك کە کۆمەڵێکیان خەنجەریان لە کالان دەرکێشا و بۆ خواردنی تەرمەکە بەر بوونە گیانی یەکتر و ئەو تەرمە لە خاك و خوێن گەوزاوەیان وەکوو لاشەخۆر لە دەستی یەکتر دەرفاند و دەیانخوارد (سەرچاوە: کتێبی روضەالصفا).

باوکی ئەم شاعەباسی مەزنەش کۆمەڵێك لە ڕیش چەرمووەکان و سۆفییەکانی هۆزەکانی لە مەجلیسێکدا کۆکردەوە و پاش کۆڕی زیکری باو لە نێو سۆفییەکاندا، پێی وتن: «ئەوەی دژ بە ویست و قسەی مورشید هەنگاو بنێت، سزای چ دەبێ؟ ئەو کۆمەڵە باوەڕدار و سۆفی و دینباوەڕە گوتیان: «گۆشتی لەشی بەکاڵ و خاوی دەخۆین ... (سەرچاوە: خلاصة التواریخ).

لە وەها هەلومەرجێکدا ئەوانەی بانگەشەی شارستانییەت و فەرهەنگی هەزاران ساڵەی ئێران دەکەن و بە «ئێران پەرستی و فەرهەنگدۆستیی» وەها شاهانێکدا هەڵدەڵێن، مافی ئەوە بە خۆیان دەدەن کە تەنیا بە هۆی ڕەنگی پێستی یاریزانێك، پێی بڵێن «مرۆڤخۆر» و بە پێچەوانەی هەموو وڵاتانی ئازاد و بەختەوەری جیهان، لە لایەن یاساشەوە هیچ لێپرسینەوەیەکیان لێ نەکرێت، چونکە لە یاساکانی ئێراندا ڕەگەزپەرەستی لە بنەڕەتیشدا وەکوو تاوان پێناسە نەکراوە.

ڕەنگە بکرێ هۆکاری ئەم بۆشاییە یاساییە بە ترس و تۆقانی کاربەدەستانی ڕێژیم لەو ڕاستییە بزانین کە زۆرێك لە وەهمە ئیدئۆلۆژیکییەکانیان لە ڕاستیدا لەسەر بنەمای هەڵاواردنی ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی و ... دامەزراوە و هەر جۆرە ڕوونکردنەوەیەك لەم بووارەدا، کۆشکە پووشینەکەی تەناهی و ئاسایش بە سەریاندا دەڕووخێنێ.

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### شۆڕشییە سوورییەکان پێش لە وتووێژ، چەکوچۆڵیان دەوێ

ڕۆژنامەی «واشینگتۆن پۆست» ڕاپۆرتەهەواڵێکی لەسەر بارودۆخی ئێستای سووریە و پرسی وتووێژ لە نێوان دەوڵەتی ئەسەد و ئۆپۆزیسیۆندا بڵاو کردەوە. لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «ئۆپۆزیسیۆنی سووری پێش لە وتووێژەکانی ئاشتی کە بڕیارە لە مانگی داهاتوودا بەڕێوە بچێ، خوازیاری دەستڕاگەیشتن بە چەکوچۆڵن، لە پێناو هاوڕایی هەرچی زیاتر کە لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانێك لە هاوسەنگیی هێزەکان لە مەیدانی شەڕدا پێش لە هەر سازشێکی مانادار کە ئەگەری ڕوودانی هەیە.

خالید ساڵح، وتەبێژێکی هاوپەیمانیی ئۆپۆزیسیۆنی سووری ڕۆژی پێنجشەممە وتی کە گرووپەکەی بۆ «تەیاربوونی جیددی»ی شۆڕشییەکان بە چەکوچۆڵ پێش لەو وتووێژانەی کە ئەمریکا و ڕووسیە پشتیوانیی لێ دەکەن، گوشار دێنێ. ئەم قسە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتانی ئورووپایی لابردنی قەدەغەبوونی هەناردەی چەکوچۆڵی یەکیەتیی ئورووپایان بەستووەتەوە بە وتووێژەکانەوە.

هێزێکی سەرکۆماری سووریە، بەشار ئەسەد، لە چەند حەوتووی ڕابردوودا پێشڕەوییان کردووە و بە یارمەتیی شەڕکەرکانی بزووتنەوەی شێعەی حیزبوڵڵای لوبنان، نزیکی شاری ستراتیژیکی ڕۆژاوای ئەو وڵاتە، قوسەیر بوونەتەوە. پێنجشەممەی ڕابردوو، ئەوان وەڵامی هێرشی شۆڕشییەکان بۆ سەر زیندانێك لە شاری باکووری حەلەبیان دایەوە.»

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «شرۆڤەکاران و دیپلۆماتەکان دەڵێن کە ئەو پێشڕەوییانە لەوانەیە شانسی ڕێژیم لە ڕۆلگێڕان لە وتووێژە ڕاستەقینەکان کەمڕەنگ بکاتەوە و ئەوە کە ئۆپۆزیسیۆن پێویستی بە بەهێزکردنە. لە هەمان کاتدا، ئۆپۆزیسیۆن ئەم بارودۆخەی وەکوو هەلێك بۆ بردنەسەرەوەی داواکاریی درێژخایەنی بۆ چەکوچۆڵ قۆزتووەتەوە.

ساڵح وتی: «ئێمە ناچینە سەر مێزەکە لە کاتێکدا ئەسەد درێژە بە کوشتار دەدا، بە پشتیوانی ڕووسیە و حیزبوڵڵا. ئەوەی ئێمە داوای دەکەین تەیارکردنی هێزەکانی سووریەی ئازاد یان شوورای بەرزی نیزامییە، پێش لە وتووێژەکان».

دیپلۆماتێکی ئورووپایی لەم بارەوە بە واشینگتۆن پۆستی وتووە: «ئێمە پێویستمان بە ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و بەتواناترە کە بتوانێ هەستی خەسارهەڵگری لە ئەسەددا درووست بکات. ئەسەد دواتر دەزانێ ئەگەر بە شێوەیەکی جیددی دەست نەکات بە وتووێژ، ئێمە بەربژاری ناردنی پشتیوانی چەکوچۆڵ بۆ ئۆپۆزیسیۆنمان هەیە تا ناچاری بکەین».

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «وتووێژەکانی ئاشتی کە بڕیارە لە ناوەڕاستی ژووەندا بەڕێوە بچن، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نادڵنیاییەوە، لەوانە کێ نوێنەرایەتیی هەر کام لەو دوو لایەنە دەکات. ڕابێرت فۆرد، باڵوێزی ئەمریکا لە سووریە حەوتووی ڕابردوو چووە باشووری تورکیە و چاوی بە ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن کەوت تا لە بارەی وتووێژەکانەوە قسە بکەن.

حکوومەتی سووریە لیستێکی ئەو بەرپرسانەی داوەتە ڕووسیە کە بۆ نوێنەرایەتیکردنی حکوومەت لە وتووێژەکاندا دیاری کراون، بەڵام هەر دوو لایەن وتوویانە پێش لە ئەرکداربوون، پێویستیان بە وردەکاریی زیاترە».

سەرچاوە:

The Washington Post

# هەڵبەستێکی سافی هیرانی لە نێوان هەڵەی هێمن حسێن و عەلی مەردانی نەمردا

قادر ئەلیاسی



لە یەك و دوو ساڵی رابردوودا، هونەرمەندی گەنج، هێمن حسێن کە سەر بە بنەماڵەی بەڕێزی گەرمیانی و برازای هونەرمەندی ناسراو، مامۆستا «حەسەن گەرمیانی»یە، گۆرانی «نازیلێ»ی کردۆتە کلیپ و لە دەنگ و رەنگەکانی کوردستاندا رۆژانە پیشان دەدرێ. ئەم گۆرانییە ئاوازی هونەرمەندی گەورەی نەتەوەی کورد، عەلی مەردانە کە ساڵانێکە بە دەنگی ئەو گەورە هونەرمەندە بە گوێی هۆگرانی گۆرانیی کوردی ئاشنایە. هەڵبەستی ئەم گۆرانییە، هیی سافی هیرانی، شاعیری دیاری گۆڕەپانی وێژە و ئەدەبی کوردییە.

مەبەست لە دووپات کردنەوەی ئەو گۆرانییە بە دەنگی هێمن حسێن، بێگومان نیشانەی دەربڕینی هەستی خۆشەویستی ناوبراوە بەرامبەر بە هونەری بەرزی عەلی مەردانی نەمر. ئەو هەوڵی داوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو گۆرانییە وەك شێوەی تۆمارکردن، چەشنی مۆسیقا، وتنی گۆرانییەکە تا دەگاتە دیمەنی کلیپەکە، جۆرە نرخاندن و رازاندنەوەیەك لە خۆ بگرێ کە سەردەمی عەلی مەردان و چایخانەکانی ئەو چاخەی کوردستانی پێوە دیار بێ. خوا هەڵناگرێ، ئەم لایەنەی سەرکەوتووانە ئەنجام داوە و جێگای دەست خۆشییە.

سەرەتا با بزانین ئەو هەڵبەستەی سافی هیرانی کە عەلی مەردان کردوویەتی بە گۆرانی، کامەیە؟ پاشان خاڵە جێگای سەرنجەکان دەخەمە بەر دیدی خوێنەران:

(ئەم سێ شیعرە گوڵبژێرێکە لە غەزەلێکی ٧ بەیتیی شاعیر)

ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەموو دوژمنی دینە
ئەو زولف و رووە ئافەتی سەر روویی زەمینە
عەشقت لە دڵم سابتە، نەك عارزە، قوربان
وەك توورەیی شاهان کە لە سەر روویی نگینە
دڵ بوویتە کەباب بۆ مەزەیی دیدەیی مەستت
قوربان لەوە مەعلوومە کە لێوت نمەکینە

«دیوانی سافی هیرانی(ل ٢٠٦ و ٢٠٧)، چاپی هەولێر٢٠٠٤ ی زایینی».

نەمر عەلی مەردان، سەربەیتێکی بۆ ئەم هۆنراوە داناوە کە لە کۆتایی هەڵبەستی یەکەم و دووهەمدا دووپاتی دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە:

نازیلێ، لێرە، لەوێ
باریکێ، خاسەکەوێ
نایخەمە نیوەی شەوێ
بە شێخەکەی کانی کەوێ
هەر ئێستەکە ماچم دەوێ

هێمن حسێن چی لەو هەڵبەستە گۆڕیووە؟

بە وردبوونەوە لە واتای هەڵبەستەکەی سافی هیرانی و لێکدانەوەی دەستکاری ئەو شیعرە لە لایەن هونەرمەند «هێمن حسێن»ەوە بەو دەرەنجامە دەگەین کە ئەو کارە نە جوانە و نە پێویست. بەر لەوەی ئاماژە بە تێکستی هەڵبەستەکە بکەم، پێویستە بە کاك هێمن و خوێنەرانی ئەم نووسراوەیە رابگەیەنم: گۆڕینی وشەیەك لە دەقێکی ئەدەبی تەنیا و تەنیا لە دەسەڵاتی نووسەر دایە و بەس. ئەویش گەورە هۆزانڤانێکی وەك سافی کە نە بە لەش لە نێوماندا ماوە و نە دەستکارییەکەش لە جێی خۆی دایە. بۆ؟

سافی وتوویەتی:

وەك توورەیی شاهان کە لە سەر روویی نگینە

کاك «هێمن»یش ئاوای گۆڕیووە:

وەك توورەیی شاهان کە لە سەر لێوی نەجیبە

با سەرەتا بزانین مەبەستی سافی لەو شیعرە چییە؟ پاشان بەو گۆڕینەی کە هێمن بە سەر ئەو شیعرەیدا هێناوە، واتای هەڵبەستەکە چۆن لێکدەدرێتەوە؟

واتای هەڵبەستەکەی سافی بەو شێوەیەی کە شاعیر مەبەستی بووە:

ئەوین و خۆشەویستی تۆی دڵدار لە دڵی منی دڵسووتاودا نەك کورت خایەن نییە، بەڵکوو نەگۆڕ و هەتا هەتاییە. وەك ئەو نقێمە دەگمەنە نەگۆڕەیە کە لە سەر ئەنگوستیلەی شاهان دایە.

یان:

عەشقی تۆ لە نێو دڵمدا وەها جێگیر و نەگۆڕە، وەك ئەو مۆرەی کە جاران شایەکان لە سەر رووی ئەنگوستیلە هەڵیان دەکەند و هەر بە هەمان ناوی سەر ئەنگوستیلەکەش نامە و نووسراویان مۆر دەکرد.

بەڵام لێکدانەوەی هەڵبەستەکە بە پێی گۆڕینی دێڕی دووهەمی لە لایەن کاك»هێمن»ەوە شتێکی بێ واتا و دوور لە مەبەستی شاعیرمان پێ دەڵێ. ئەگەر ئەوینی دڵدار لە دڵی شاعیردا نەگۆڕ بێ کە واتای دێڕی یەکەمە، دێڕی دووهەم ئاوای لێدێ: وەك نقێمی شاهان کە لە سەر لێوی نەجیبەیە!! لێرە لێوی نەجیبە شوبهێندراوە بە ئەنگوستیلە و خاڵی سەر لێوەکەشی بەو نقێمە رەشەی کە لە سەر ئەنگوستیلەکە دایە. لێوی یار هەموو دەم بە رەنگی ئاڵ و بە جوانیی گوڵەباخەوە شوبهێندراوە. بۆ وێنە لە فۆلکلۆری ناوچەی سنەدا لە دێرزەمانەوە وتوویانە:

بڕوان ئەو دەمە، بڕوان ئەو لێوە
ئێژی گوڵباخی توێی گەڵا مێوە

گریمان لێوی نەجیبەی کاك هێمن لە ئەنگوستیلەی شاهان دەچێ کە ئەوکات زۆر ناشیرین دەبێ، گەلۆ ئەی ئەو نیشانە رەشە کە لە سەر ئەنگوستیلەی شاهان دایە، دەکرێ بەو خاڵە رەشە بشوبهێندرێ کە لە سەر لێوی نەجیبەدا دەبیندرێ؟ بە رای من ئەمە هەم شوبهاندنێکی نەپۆڕە و هەم ناشیرینیشە، چوونکە نقێمی رەشی سەر ئەنگوستیلەی پادشاکان زۆر زلە، لە کاتێکدا خاڵی سەر لێوی یار(نەجیبە) ئەو دەمە سەرنجڕاکێش و جوان دێتە بەرچاو کە هەم بچووك بێ و هەمیش زگماك بێ.

ئەی مامۆستای نەمر، عەلی مەردان ئەم هەڵبەستەی چۆن چڕیووە؟

پێشەکی دەبێ ئەوە رابگەیەنم: ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر هەڵسەنگاندنی ئاوازی گۆرانی نازیلێ لە روانگەی منەوە، وەك مێرووڵەیەکە بە گژ قوللەی قافدا بچێ. چوونکە هونەری عەلی مەردان، ئەوەندە بەرزە، منی کورتەباڵا هەر دەبێ تێی بڕوانم و سەیری بکەم، بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشام، شتێکی لە سەر بنووسم، دەستکاریی دێڕی پێنجەمی ئەو هەڵبەستەیە کە لە لایەن مامۆستا «عەلی مەردان»ەوە ئەنجام دراوە. دەبێ پێی لێ بنێم، ئەگەر هێمن حسێن ئەو هەڵە زەقەی نەکردبا، قەت بەو هەڵەیەم نەدەزانی کە پێشتر مامۆستا عەلی مەردان هەر لەو هەڵبەستەدا تووشی هاتووە. هەڵەیەك کە ماوەی زیاتر لە چل ساڵە، لە پاڵ گەورەیی عەلی مەرداندا خۆی حەشار داوە و من پێم نەزانیووە.

سافی وتوویەتی:

دڵ بوویتە کەباب بۆ مەزەیی دیدەیی مەستت
قوربان لەوە مەعلوومە کە لێوت نمەکینە

واتە:

دڵم بۆتە کەباب و مەزە بۆ چاوی مەستت کە لە سوێری لێوەکانتدا دەردەکەوێ.

عەلی مەردان ئاوای گۆڕیووە:

دڵ بۆتە کەباب بۆ موژەیی دوو دیدەی مەستت
قوربان لەوە مەعلوومە کە لێوت نمەکینە

بەم پێیە، واتای شیعرەکە دەگۆڕێ و دەبێتە:

دڵم بۆتە کەباب لە بەر برژانگی دوو چاوی مەستت کە لە سوێری لێوەکانتدا دەردەکەوێ.

ئەگەر ئەم بۆچوونەشم نەچێتە خانەی ئەو پەندە نەستەقەی مامۆستا نەجمەددین مەلا کە وتوویەتی: «ئێمەی کورد، زیندووکوژی مردووپەرستین»، دەمهەوێ پاساوێك بۆ هەڵەکەی مامۆستا عەلی مەردان بهێنمەوە. کاتێك نەمر عەلی مەردان ئەو «گۆرانێ»یەی تۆمارکردووە، کەرەستەی تۆمارکردن وەك ئێستا نەبووە. هونەرمەند، هەر ئەو کاتە گۆرانییەکەی خوێندووە، هاوکات تۆمارکراوە. لەوە دەچێ، کاتێك عەلی مەردان گۆرانییەکەی چڕیووە، بە هۆی لە بیرچوونی دەقەکە، تووشی ئەو هەڵە بووبێ. ئەگەر سەرنج بدەینە کۆتایی گۆرانی نازیلێ، دوو خاڵی جێگای سەرنج سەر قوت دەکاتەوە. یەکەم: هەڵەی دەقەکەیە. دووهەم: زۆر بە پەلە و بە بێ دووپات کردنەوەی سەربەیتی نازیلێ، گۆرانییەکە تەواو دەکا. ئەم کارەی هونەرمەندی گەورە شڵەژانێکی پێوە دیارە. ئەو لە دوو کۆپلەی یەکەم و دووهەمی گۆرانییەکەدا سەربەیتی (نازیلێ، لێرە و لەوێ...) دووپات دەکاتەوە، بەڵام دوای هەڵەی دەقەکە لە کۆپلەی سێهەمدا کە کۆپلەی کۆتاییە، زۆر زوو بە بێ وتنەوەی سەربەیت، گۆرانییەکە تەواو دەکا. واتە راستەوخۆ چڕینی گۆرانی لەو کاتەدا، ئەگەری ئەوەمان لا دروست دەکا کە هونەرمەند بە هۆی لەبیرچوونەوەی دێڕی پێنجەمی شیعرەکە، تووشی ئەو هەڵە بووبێ. هەر بۆیە سەربەیتی گۆرانییەکەش نالێتەوە و بە پەلە تەواوی دەکا. ئەمە تەنیا رای منە و رەنگە واش نەبێ.

دەست نیشان کردنی ئەم هەڵەیە، هیچ لە گەورەیی عەلی مەردان کەم ناکاتەوە، چوونکە یەکەم: داکۆکی کردن لە دەقێکی ئەدەبی، دەچێتە خانەی پاراستنی سامانە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد و دووهەم: دۆزینەوە و باس کردنی هەڵە و سەرنجەکان، نەوەی ئێستە و داهاتوو فێر دەکا چۆن لە گەڵ ئەو سامانە گشتی و نەتەوەییانە هەڵس و کەوت بکا.


سەرەنجام

بە کورتی کاك هێمن بە دووبارە خوێندنەوەی گۆرانی «نازیلێ»ی عەلی مەردان، کارێکی جوانی دەست داوەتێ و زەحمەتێکی فرەی تووشی خۆی کردووە، بەڵام بە گۆڕینی ئەو چەند وشەیە لەو دێڕە شیعرەدا هەم دەقێکی ئەدەبی شێواندووە، هەم واتایەکی نەگونجاوی بە هەڵبەستەکە بەخشیووە. خۆزگە «هێمن»ی هۆگری هونەری عەلی مەردان، دوای خوێندنەوەی ئەم نووسینەی من کە جگە پەرۆشی بۆ هونەر و ئەدەبی کوردی نەبێ، هیچی تری لە پشتەوە نییە، بۆی دەلوا جارێکی دیکە ئەو گۆرانییەی بەو شیعرە تۆمار کردباوە کە لە دیوانەکەی سافی هیرانی دا هاتووە.

بەم کارەی هەم یادی بەرز و پاکی سافی بە نەمری دەسپارد و هەم ئەمانەتداری وەدی دەهێنا و هەم دەیتوانی هەڵەی خۆی و نەمر عەلی مەردانیش راست بکاتەوە.

## بڵاوکراوەی نوێ

"یك اروپایی در سرزمین كردها" ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە نەسرین خانمی قاسملوو پێش ساڵێك بە زمانی فەرانسەوی نووسیویە. نەسرین خانم لەو کتێبەدا پەرژاوەتە سەر ژیانی خۆی و شەهیدی نەمر دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو و وەك خۆی دەڵێت: "مەبەست لە گێڕانەوەی ژیانم ئەوەیە کە خوێنەر لەگەڵ راستییەکانی ژیانمان ئاشنا بکەم." کە هەر لە دوو توێی ئەو راستییانەدا بەشێك لە مێژووی خەباتی رەوای گەلەکەمانی تۆمار کردووە. ئەو کتێبە بە هەوڵی بەڕێز دوکتور خۆسرۆ عەبدوڵڵاهی مەندولکانی کراوەتە فارسی.




شایانی باسە کتێبی "یك اروپایی در سرزمین كردها"، واتە ئورووپاییەك لە نیشتمانی کوردانیدا، ئێستاکە لە ناوەندی رۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشەی شاری سلێمانی و هەروەها لە کتێبخانەی نووسەران لە بەردەرکی یەکیەتی نووسەران لقی هەولێر دەست دەکەوێت.



# فستیواڵی نێونەتەوەیی کان

فستیواڵی فیلمی کان بۆ یەکەمین جار لە شاری «کان» لە باشووری فەرانسە لە سپتامبری ١٩٣٩ بەڕێوەچوو. بەڵام دواتر تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی بەڕێوەچوونی ڕاگیرا. لە دەیەی ١٩٥٠ی زایینی، کاتی بەڕێوەچوونی فستیواڵ لە مانگی سپتامبرەوە گۆڕدرا بۆ ئاوریل و لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینی، خورمای زێڕین وەك خەڵاتی سەرەکیی فستیواڵ دیاری کرا. بەرنامەکانی ئەم فستیواڵە لە حەوت بەشی ئەسڵی پێکهاتوون کە بریتین لە بەشەکانی کێبڕکێ، لە دەرەوەی کێبڕکێ، جۆرێك ڕووانین، سینە فۆنداسیون (کێبرکێی کورتە فیلم)، حەوتووی ڕەخنەگران، دوو حەوتووی دەرهێنەران و بازاڕی فیلم.

لە فستیواڵی نێونەتەوەیی فیلمی کان، فیلمەکان لە دوو بەشی ئەسڵی و لاوەکی لە سەرانسەری جیهان لەگەڵ یەکتر کێبڕکێ دەکەن. گرینگترین خەڵاتی ئەم فستیواڵە، خورمای زێڕینە. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی فستیواڵی کان، تایبەتی بوونیەتی کە لەودا، گەورەترین ئەستێرەکانی سینەما و بەرچاوترین ئامادەکارانی بواری سینەما بەشداری تێدا دەکەن، شایانی باسە کە تەنیا سینەماکاران مافی بەشدارییان لەو فستیواڵەدا هەیە.

تەنیا دەرهێنەرێکی ئێرانی کە توانیویەتی خەڵاتی خورمای زێڕین وەربگرێ عەباسی کیارۆستەمی بوو کە لە ساڵی ١٩٩٧ی زایینی بۆ فیلمی «تامی گێلاس» ئەو خەڵاتەی وەرگرت. لە دەرهێنەرەکانی دیکەی ئێرانی لە بەشە جیاجیاکانی دیکەی ئەم فستیواڵە توانیویانە خەڵات وەربگرن دەکرێ هێما بکەین بۆ بەهمەن قوبادی بۆ فیلمی ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان بە هاوبەشی لەگەڵ حەسەن یەکتاپەنا بۆ فیلمی «هەینی» و هەروەها جەعفەری پەناهی بۆ فیلمی «فوودانەی سپی» کە خەڵاتی کامێرای زێڕینیان وەرگرتووە .

# تیاتری سەرشەقام



هەموو تیاترە سەرئاوەڵاکان بە تایبەت تیاتری سەرشەقام لە ئاکامی هەبوونی کەموکوڕی پێکهاتوون، ئەو کەموکووڕییانەی کە ڕەنگە تیاتری سەرشانۆ نەتوانێ وڵامدەری بێ. تیاتری سەرشەقام پێویستی بە پێوەندێکی زۆرتر لەگەڵ بینەر لە واتاسازیدا هەیە، نمایش کردن لەو شوێنانەی کە خودی ئەو شوێنە وەك کەسایەتییەك لە نمایشەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێ و گواستنەوەی واتا بە بینەرانێك کە ڕەنگە هیچکات بۆ دەستخستنی بلیت لە سەفدا ڕانەوەستن. تیاتری سەرشەقام هەڵگری بیرۆکەگەلی ئیخلاقی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەلسەفی و هتدە کە بە یارمەتی تکنیکگەلێکی تایبەت پێشکەش بە بینەر دەکرێ. لە تیاتری سەر شەقام ئەکتەر و بینەر واتایەکی دیکە پەیدا دەکەن، لەگەڵ یەکدا تێکەڵ دەبن و هێندیك جار جێگۆڕکێ دەکەن. تیاتری سەرشەقام لە ژێر ناوی فەرمی street theatre لە ئیجرای نمایشگەلێك لە دەیەکانی دووهەم و سێهەمی سەدەی بیستەم لە شوێنە گشتییەکانی وڵاتانی ئۆروپایی وەك ڕووسیە، فەرانسە، ئاڵمان و هولەند و دواتر لە سەرانسەری جیهانی ڕۆژاوا پەرەی سەند. لە ئێرانیشدا پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران نمایشگەلێك بە شێوەی سەرشەقام لە چەند فستیواڵێکدا بەڕێوەچوو. بەڵام ئەم نمایشانە نەبوونە شتێکی گشتگیر. لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی شۆڕشیش کە فەزایەکی سیاسیی تا ڕادەیەك کراوە هەبوو، گرووپگەلێکی تیاتری سەرشەقام پێکهاتن کە هەوڵی ئەوەیان دەدا بیروبۆچوونە سیاسییەکانی خۆیان پێشکەش بکەن. تیاتری سەرشەقام لە ساڵی ١٣٧٣ پەیوەست بوو بە فستیواڵی تیاتری فەجرەوە تاکوو ڕوانینێکی جدیتری بۆ بکرێ. بەڵام تیاتری سەرشەقام لە ئێراندا هێشتا تیاترێکی بێ ئامانج و بێ شوناسە و بوونی گرووپ و ئیجراگەلی

تیاتری سەرشەقام پێش ئەوەی نیشاندەری هەست بە پێویستیی بوونی ئەمجۆرە نمایشانە بێ، نیشاندەری بەربەست و کەمبوونی ئامفی تیاترە کە سەرەڕای بوونی ئۆگریەکی زۆر، دەرچووانی زانکۆ، خوێندکارانی بواری تیاتر، تیاتری سەرشەقام تەنیا وەك ڕێگەیەکی دەربازبوون چاو لێدەکەن، پرسیاری سەرەکی کە ئاراستەی تیاتری سەرشەقام دەکرێ ئەوەیە کە ئیجرای ئەم جۆرە تیاترە لە ئێران دەبێ بە سەرنجدان بە کەلتووری خۆمان و لە نمایشە شوێنە سەرئاوەڵاکان یان بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی جیهانی لەم بووارەدا بەڕێوە بچێ؟!

# سەمبولیزم چیە؟

سەمبولیزم بزووتنەوەیەکە لە ئەدەبیات و هونەرە دیدارییەکاندا کە ڕۆمانتیزم بەردی بناخەیەتی و دژی وێناکردنی بەرهەستە و چەمکەکان بە هێماکان وێنا دەکا. ئەم بزووتنەوەیە لە پاریس و لە لایەن وێنسان ونگۆگ و پۆل گۆگێن هاتە ئاراوە. ڕاستیی بێ ئەملاو ئەولا لە لای هونەرمەندەکانی ئەم بزووتنەوەیە کەم قورب و بێ بایەخ بوو و لە ژێر کاریگەریی هێماخوازیی ڕۆژهەڵات و بە نەبوونی پیشاندانەوەی بەرهەست و جەختکردنەوە لە سەر هزر و شرۆڤەی تاکەکەسی و بە کەڵکوەرگرتن لە ڕەنگە کانستراکتیف و بە ڕوانینیکی توندڕەوانە لە ڕۆمانتیسیزم، لە هەوڵی دەربڕینی ئامانجی ڕاستەقینەدایە.

هەواڵ

## فیلمی «میوانداریی ئاسایی» لە ئێران بڵاو کرایەوە

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی مانی حەقیقی و لە بەرهەمهێنانی جەلال شەمسیان و لە وێنەگرتنی سینەماکاری لاوی سنەیی هوومەن بێە مەنیشە، لە ناوچەی هەورامانی تەخت وێنەی گیراوە، لەم ڕۆژانە هاتە نێو ڕایەڵەی نمایشکردنی تایبەتی ماڵان و لە لایەن دەزگای وێنەیی دنیای هونەر لە سەرتاسەری وڵاتی ئێران پەخش و بڵاو دەکرێتەوە.

ئەم فیلمە ساڵی پار لە سینەماکانی ئێران نمایش کرا، لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتووترین فیلمی ئێرانی لە فستیواڵە نێونەتەوەییەکانی فیلم بووە.


فیلمی سینەمایی «میوانداریی ئاسایی» لە زیاتر لە ٤١ فستیواڵ و ڕووداوی سینەمایی بەشداریی کردووە، حەوت خەڵاتی بەدەستهێناوە. هەروەها تا ئێستا لە چەندین وڵاتی جۆراوجۆری جیهان لەوانە: ئامەریکا، سویس، بێلژیك و چەند وڵاتی دیکە نمایش کراوە و بڕیار وایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ی زایینی لە سینەماکانی وڵاتانی ئاڵمان، ئۆتریش، ڕووسیا و کانادا نمایش بکرێت.

## «ئێسپیلبێرگ» کریس کایل زیندوو دەکاتەوە



بڕیار وایە فیلمی داهاتووی دەرهێنەری ناوداری ئامریکایی ستیڤەن ئێسپیلبێرگ لەسەر ژیانی کریس کایل بێت کە یەکێکە لە ناودارترین نیشانشکێنەکان لە مێژووی ئامریکا و هونەرمەند برادلی کوپەری ڕۆڵی سەرەکیی تێدا ببینێت.

ڕۆژنامەی (هۆلیۆد ڕیپۆرتەر)ی ئامریکایی لەم بارەیەوە ڕایگەیاند کە فیلمە نوێیەکەی ئێسپیلبێرگ لە ژیانی ئەم نیشانشکێنە کە بەناوبانگترین نیشان شکێنە لە مێژووی سەربازیی ئامریکا، ئەم فیلمە کە جایسۆن هایل دەقەکەی نووسیوەتەوە، برادلی کوپەر کە بەرهەمهێنەری فیلمەکەیە لە هەمان کاتدا ڕۆڵی سەرەکیش دەبینێت و پێشبینی دەکرێت لە سەرەتای ساڵی داهاتوو دەست بە وێنەگرتنی بکرێت.



بێ دوان...

# هەڵەی سیاسی و قەیرانی ئابووری

■ چەکۆ ئەحمەدی

بێکاری، دابەزینی نرخی تمەن، گران بوونی زێڕ، هەژاری و برسییەتی و کۆمەڵێك دەستەواژەی لەم چەشنە لە نێو ماڵ و شەقام و تاکسی و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگای ئێران، بووەتە وێردی سەر زاری بەشی هەرەزۆری دانیشتووانی ولاتێك کە بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین ولاتانی جیهان دێتە ئەژمار.

ئەگەر ئاوڕێك لە مێژووی دەسەڵاتداریی حکوومەتەکانی ئێران، چ حکوومەتە پاشایەتییەکان و چ ئەم حکوومەتە بەناو کۆمارییەی ئێستا بدەینەوە، دەبینین کە خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەتی لە ئێراندا بەردەوام لە هەژاریدا ژیاون و وڵات هەموو کاتێك قەیرانی ئابووریی تێدا بووە.

سەردەمانێك پاشاکانی ئێران بۆ رابواردن لە ئورووپا، ئامادە بوون قەرز لەو ولاتانی دیکە وەربگرن و بۆ پێدانەوەی ئەو قەرزانە باج بەدەن. زۆربەی ئەو باجگەلەش بەشێوەی قرتاندنی بەشێك لە خاکی وڵاتی ئێران بووە کە ئێستا لە هەموو ئەو پانتا بەرینە تەنیا «پشیلە» یەکی لێ ماوەتەوە.

پاش نەمانی پاشایەتی، دەسەڵات کەوتە دەستی شێوازێکی دیکە لە سیستمی پاشایەتی کە ناوی «ویلایەتی فەقیهی» لێ دانراوە و بە شێوازێکی دیکە درێژەدەری سیاسەتی حکوومەتە گەندەڵە پاشایەتییەکان بووە. ئەمجۆرە سیاسەتگەلە لە دەسپێکی حکوومەتداریی رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و بە سڕینەوەی دژبەران دەستی پێکرد و درێژەی کێشا تا گەیشتە یارمەتیدان بەو رێکخراو و لایەنە تیرۆریستییانەی ناوچەکە و تا دەهات یارمەتییە ئابوورییەکانی زۆرتر و روونتر دەبووەوە. پێش لەوەی خومەینی ببێتە رێبەری ئێران، بەڵێنی ئابووریی سەیر و سەمەری بە خەڵك دەدا و ئاو و کارەبا و ئوتۆبووس و سفرەی رەنگینی خۆڕایی بۆ خەڵك دابین دەکرد. بەڵام بە روونی دیتمان کە لەگەڵ دەسپێکی شەڕی نێوان ئێران و عێراق و دروشمی «شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن»ی ئەم رێژیمە و بە خۆڕایی درێژەدانی شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، تا دەهات سندووقی ئابووریی ئێران بەم بۆنەوە بەتاڵتر و قورسایی ئەم تێچووە زۆروزەوەندەی شەڕ زۆرتر دەکەوتە سەرشانی دانیشتووانی وڵاتی ئێران. هەڵبەت ئەمە لە کاتێدا بوو کە هاوکات لەگەڵ ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی بە ناو ئیسلامیی خۆی بۆ وڵاتانی دیکە بووجەیەکی زۆری تەرخان دەکرد و ئەمەش زۆر روونە کە قورسایی هەموو ئەم تێچوویانە دیسان دەکەوێتە سەر شانی خەڵکی ئێران و بەڵگەیەکی زۆر روونی ئەم وتەیەش ئاخەوتنی ساڵی رابردووی «حەسەن نەسرۆڵڵا» سکرتێری گشتیی حیزبوڵڵای لوبنانە کە گوتی: «راشکاوانە دەڵێم کە ئێران پشتیوانیمان لێدەکات» و ئەم وتەیەش دەریدەخات کە ئەم پشتیوانی و یارمەتیە هەم ئابوورییە و هەمیش سیاسی. بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان لەم بارەیەوە هەبێت پێویستە هێما بکەین بۆ وتەکانی خامنەیی کە دەیگوت: «ئێمە لە هەموو ئەو بزووتنەوە و رێکخراوانە کە دژی ئیسراییل شەڕ دەکەن پشتیوانیمان کردووە و دەیکەین». پرسیار ئەوەیە کە بە راستی وڵاتی ئێران و دانیشتووەکانی ئەوەندە بێ کێشەن کە دەبێ یارمەتیی ولاتانی هەژار و رێکخراوە تێرۆریستیەکانی ناوچەکە بدرێت؟ ئەو یارمەتیانە سامانی خەڵکانێکن کە بە درێژایی مێژوو ناچار بوون باجی فرەخوازیی سیاسەتی چەوتی کاربەدەستە یەك لە دوای یەکەکانی وڵاتی ئێران بدەن و لە سەر دەریایەك لە زێڕدا بە هەژاری ژیان بەسەر ببەن.

بەڵام ئەم نەهامەتی و برسیەتی و هەژارییە ئێستا لە هەموو قۆناخەکانی دیکە زیاتر رەنگی داوەتەوە و هۆکارە سەرەکیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕخوازیی ئەم سێ دەیەی دوایی کۆماری ئیسلامی.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە ئەو سیاسەتانەی لە پێش گرت، تووی بێ متمانەیی لای کۆمەڵگای جیهانی چاند و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان بە گومانەوە سەیری کردەوەکانی ئەم وڵاتەیان دەکرد. تاکوو ساڵی ١٣٧٦ کە بە ئاشکرابوونی چالاکییە ناوکییەکانی ئەم رێژیمە هەموو گومانەکان رەنگ و بۆی راستەقینەی بە خۆیەوە گرت و کۆمەڵگای جیهانی کەوتە هەوڵی پێشگرتن لەم چالاکییە ناوکییانە. ئەوە نزیك بە ١٨ ساڵە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی داوا لە ئێران دەکەن کۆتایی بە چالاکییە گومان لێکراوەکانی بێنێت، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە بێ ئاکام ماونەتەوە و رێژیم، کۆمەڵگای جیهانی و زلهێزانی هاندا بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم رێژیمە و یەکەمین بەربەرەکانێشی بە گەمارۆی ئابووری دەستی پێکرد کە راستەوخۆ لە سەر خەڵکی ئێران کاریگەریی دانا. ئەگەر بمانهەوێ بە روونی ئاستی ئەم گەمارۆ ئابوورییانە باس بکەین، دەبێ بڵێین کە بە کردەوە سیستمی ئابووریی ئێران بە تەواوی داڕماوە و گەڕاندنەوەی بۆ دۆخێکی ئاسایی رێگایەکی زۆر ئاستەم و دوور و درێژی لە پێشە. بەڵام لەم نێوەدا دیسان ئەوە خەڵکی هەژار و بێ دەرەتانن کە دەبێ ژیانێکی هەژارانەتر لە جاران ئەزموون بکەن و بەشێکی یەکجار زۆری دانیشتووانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان پەنا بۆ کاری تاقەتپڕووکێن ببەن و ئەم هەژارییەش لە خۆیدا بوارخۆشکەری کۆمەڵێك بێ نۆرمی و دیاردەی دزێوە کە لە ئەگەری درێژەکێشانی، هەموو بوارەکانی ژیان تووشی قەیران دەکات و هەژاری، ژیانی هەژارانە زیاتر بەرهەم دێنێتەوە و ئەم ژیانە هەژارانەش خەڵکی بێ دەرەتان هان دەدات بۆ کردەوەی نەشیاو و دزی و قاچاخ و هەموو ئەو کردەوانەی بەرهەمهێنەرەوەی دیاردەی دزێو و بێ نۆرمیی کۆمەڵگان.

تێچوویی کارەبا، گاز، ئاو، نان و ژیان بەگشتی لە ئێراندا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و بەدەستهێنانی ئەوەندە تاقەتپڕووکێنە کە ماندوویەتی لە روخساری بەشی هەر زۆری توێژەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت کرێکاران و مووچەخۆرانی ئێران بەگشتی و کوردستان و نەتەوە زوڵم لێکراوەکان بەتایبەتی هەست پێدەکرێت و هیوا بۆ بەخۆدا چوونەوە و ئاوڕدانەوەی کاربەدەستانی رێژیم لە خەڵك و دۆخی پڕ لە قەیرانی وڵات، رۆژ لە دوای رۆژ کەمتر و لاوازتر دەبێ.

# رۆژی میراتی فەرهەنگی

■ هیوا میرزایی

یەکێك لە ناسێنەرەکانی هەر وڵات و نەتەوەیەك، بوونی ئاسەوار و شوێنەواری کەونارایە، مێژوویی مرۆڤایەتی بەردەوام لە گەشەسەندندایە و باب و باپیرانی ئێمە لە سەدەکانی رابردوو، بناخەی ئەم گەشەسەندنەیان داناوە و ئەمڕۆکە بە روانین و وردبوونەوە لە کەرەستە و ئامرازەکانی کشتوکاڵ و هاتووچۆ و پەیوەندی و شەڕ و... زیاتر لە هەوڵ و ماندووبوونیان بۆ ئەم گەشەسەندن و پێشکەوتنە دەگەین. میراتی فەرهەنگی بەو شتانە دەگوترێ کە لە باب و باپیرانەوە بە جێ ماوە، بە واتایەکی دیکە میراتی فەرهەنگی بریتین لە هەموو ئەو شتانەی کە لە رابردوویەکی زۆر دوور چ شتە ماددییەکان وەك بینا مێژووییەکان، فەرش، شتۆمەکە کەونارەکان و... چ شتە رۆحیەکان وەك، زمان، شێعر، بەیتە فلکلۆرییەکان، هەڵپەڕکێ، بۆنەکان (جێژنی نەورۆز) کە نیشانەی جووڵەی پێشوەچوونی مرۆڤەکانە لە رەوتی مێژوودا و بە ناسینی ئەوان بووار دەرەخسێ بۆ ناسینی شوناسی نەتەوەیەك و هێڵی جووڵەی فەرهەنگی دیاری دەکرێ و بووار دەرەخسێ بۆ ئەزموون وەرگرتن لە مرۆڤەکانی رابردوو. پاراستنی کەلەپوور و شوێنەوارە کەونارانەکان رێزگرتنە لەو مرۆڤانەی کە بوونەتە هۆی مانەوە و بەردەوامی نەتەوەکان. وڵاتی ئێران بە هەموو نەتەوە پێکهێنەرەکانیەوە خاوەنی شارستانیەتێکی گەورەیە و نەتەوەی کوردیش یەکێك لەو نەتەوانەیە کە لە رۆژهەڵاتی نێوەراست خاوەنی فەرهەنگ و کەلەپووریەکی دەوڵەمەندە و قەڵای زێوەیە، ئەشکەوتی کەرەفتوو، بێستون، تاقەوسان، تەختی سلێمان و بەیتە فلکلۆرییکەکان و جێژنی نەورۆزە کە نیشاندەری فەرهەنگ و کەلەپووری دەوڵەمەندی نەتەوەی کوردە. رۆژی ٢٨ی بانەمەڕ بەرامبەر بە ١٨ی مەی ١٩٧٢ی زایینی لە لایەن رێکخراوی جیهانیی یونێسکۆ پەیماننامەیەك پەسەند کرا کە لەودا پاراستنی ئاسەوارە مێژوویی و سروشتی و فەرهەنگییەکانی مرۆڤ کە گرینگێکی جیهانیی هەیە و بە بێ جیاوازی رەگەز و ئایین و نەتەوە هی هەموو مرۆڤەکانە، بوو بە ئەرکی کۆمەڵگای جیهانی. بە پێی ئەم کونوانسیۆنە، وڵاتانی ئەندام دەتوانن ئاسەوارە مێژوویی و سروشتی و فەرهەنگییەکانی خۆیان ناونووس بکەن بۆ بوون بە میراتی جیهانی، پاراستنی ئەم میراتانە دوای بوون بە میراتیی جیهانیی هەر لە ژێر حاکمییەتی ئەو وڵاتە دەمێنێتەوە بەڵام پاراستنی لە ئەستۆی هەموو وڵاتانی ئەندامە لەم پەیماننامەیەدا. تاکوو ئێستا ١٨٠ وڵات ئەم کونوانسیۆنەیان واژۆ کردووە و نزیك بە ٨٠٠ ناوچەی فەرهەنگی و سروشتی لە ریزی میراتی فەرهەنگیدایە و ئێران سێ ساڵ دوای پەسەندکرانی ئەم پەیماننامە لەم رێکخراوەدا بوو بە ئەندام. لە ئاسەوارە تۆمارکراوەکانی ئێران دەکرێ هێما بۆ «تەختی سلێمان و بێستوون و قەرە کلیسا» بکەین کە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران هەڵکەوتوون و ئەمەش ئاستی بەرزی فەرهەنگیی و شارستانییەتی نەتەوەی کورد دەردەخا. بەڵام حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران بەردەوام لە هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی ئاسەوار و مێژوویی نەتەوەی کورددا بوون و ئەم سیاسەتەیان بە چەند شێوەیەك بەڕێوە بردووە کە هێما بۆ چەند نموونەیەکیان دەکەین.

١. دانەمەزراندنی مۆزەخانە لە شارە کوردییەکان بە مەبەستی ئاشنا نەبوونی خەڵکی کورد لەگەڵ فەرهەنگ و مێژوویی خۆیاندا.


٢. زاڵکردنی مێژوو و فەرهەنگ و زمانی فارسی لە ئێران بە تایبەت لە قوتابخانەکان و کتێبە دەرسییەکان و قەدەغەکردنی زمانی زگماکی بۆ خوێندن و نووسین لە قۆتابخانەکان.

٣. راووڕووت و قاچاخی لە رادەبەدەری شتومەکە کەونارەکانی کوردستان بە پاڵپشتی کاربەدەستانی رێژیم.

٤. بایەخ نەدان بە ناوچە مێژووییەکان و پێڕانەگەیشتن و نوێژن نەکردنەوەی سەردەمیانە و کارناسانەیان.

٥. پشتگوێخستنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردستان و بەربەست سازکردن بۆ مووسیقی و هەڵپەڕکێ و بۆنە نەتەوەیەکان.

سیاسەتی پشتگوێخستنی کۆماری ئیسلامی وای کردووە کە رەوتی لەنێوچوونی میراتە مێژوویی و سروشتی و فەرهەنگییەکانی ئێران خێراییکی زۆری بە خۆ گرتووە و بەشێکی زۆری ئەم میراتانە لە دۆخێکی زۆر خراپدان.




دەکرێ هێما بۆ گۆلی ورمێ بکەین کە کەمتەرخەمی و سیاسەتی هەڵەی کاربەدەستانی رێژیم وایکردووە کە ئەم گۆلە بەشێکی زۆری وشك بووە و ناڕەزایەتی خەڵك و کارناسانی بواری سروشت هیچ کاریگەریەکی نەبووە بۆ رزگارکردنی ئەم گۆلە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە دژایەتی کردووە لەگەڵ هێما و پەیکەر و ئاسەوارە غەیرە ئیسلامیەکان و ئەگەرچی وەك حکوومەتی تاڵەبان لە ئەفغانستان بە شێوەی ئاشکرا لە نێویانی نەبردووە بەڵام بواری رەخساندووە بۆ لە نێوچوونیان. کۆماری ئیسلامی زۆرتر هەوڵی داوە کە هێما و سەمبولە ئایینیەکان لە نێو کۆمەڵگا پەرە پێبدات و وەك دەبینین لە ساڵی ١٣٨٩دا و لە ماوەیەکی کەمدا چەندین پەیکەرە لە کەسایەتە هونەری و ئەدەبییەکانی ئێران لە شاری تاران دزران و هەرچەند راگەیەندرا کە لێژنەی بەدواداچوون پێکدێ بەڵام وەك دەبینین تاکوو ئێستا هیچ هەواڵێك لە گرتن و گەڕانەوەی ئەو پەیکەرانە بۆ شوێنی خۆیان نییە و ئەوە ئەو راستییە زیاتر دەردەخا کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی وکاربەدەستانی زیاتر دژایەتییە لەگەڵ فەرهەنگ و مێژووی ئێران بە هەموو نەتەوە ژێردەستەکانییەوە. هەروەها دەبینین کە بەشێکی زۆری ئاسەوارە مێژووییەکانی ئێران لە مۆزەخانەکانی وڵاتانی دیکەدان و بە شێوەی زۆر سەردەمیانە پارێزراون و خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ. نووسراوەی کووروش پاشای هەخامەنشیەکان ئێستا لە مۆزەخانەی وڵاتی بریتانیادایە و بە سەدان ئاسەواری مێژوویی کوردستانیش بە تایبەت ئاسەوارە مێژوویەکانی قەڵای زێویە لە شاری سەقز لە وڵاتانی دیکە و مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهاندان.

# پڕۆسەی هەڵبژاردن لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا

■ ناسرساڵحی ئەسڵ

لە لایەن ستادی هەڵبژاردن، جێگیر لە وەزارەتی نێوخۆ، ماوەی ٥ رۆژ واتا لە رێکەوتی ١٧ی بانەمەڕ تا ٢١ی بانەمەڕی ١٣٩٢ی هەتاوی بۆ ناونووسی و خۆپالاوتنی بەشدارانی پۆستی سەرکۆماری دیاریکرابوو. بە وتە وەزیری نێوخۆ مەحەممەد نەجار، ٦٨٦ کەس خۆیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی خولی یازدەهەم ناونووسی کردووە کە ٦٥٦ کەس پیاو و٣٠ کەسیان ژنن.

ئەگەر قبووڵ بکەین کە لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکدا بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا بە مانای بەشداری کردن لە پڕۆسەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتە، ئەوە لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا چونکە رەوایی خۆی لە ئاسمانەوە وەردەگرێ و خەڵك لە رەواییدان بەم دەسەڵاتە هیچ رۆڵێکیان نییە، بەشداری لە هەڵبژاردن تەنیا عەمەل بە ئەرکی شەرعی، پەیمان نۆیکردنەوە لەگەڵ وەلی فەقیە و «مقبولیت» دان بە رێژیم پێناسە کراوە. هەر بۆیە بەشداری لە هەڵبژاردن و دەنگدان لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، بەشداریەکی دێموکراتیك نییە. چونکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەر کۆمەڵە بنەمایەك دامەزراوە کە هیچ باوەڕێکی بە ئازادی و دێموکراسی و هەڵبژاردنی شەفاف نییە. هەروەها لە دە خولی پێشوویی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا هیچ حیسابێکی بۆ نەتەوەکانی ئێران نەکردووە و قەتی بە هێند نەگرتوون. ئەو بە هێند نەگرتنەش جیا لەوەی کە باری ئیدئۆلۆژیکی هەیە، بووەتە یاسا و وەك ئەسڵێك لە یاسای بنەڕەتیدا گونجێنراوە. لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە پێی بەندی١١٥ی یاسای بنەڕەتی، بەشێکی زۆری گەلانی ئێران و ژنان لە خۆپالاوتن بۆ پۆستی سەرکۆماری بێبەش کراوەن. چونکە بە پێی ئەو بەندە جگە لە پیاوانی شیعەی دوازدە ئیمامی، پێڕەوانی مەزهەبەکانی سوننی، مەسیحی، یهودی، زەرتشتیی، بەهایی و شیعەی ٧ ئیمامی و ژنان بۆ ناونووسی پۆستی سەرکۆماری مافی خۆپالاوتنیان نییە. هەر وەها بەپێی بەندەکانی ٥ و ٩٩ و١١٠ی یاسای بنەڕەتیی رێژیمی ئیسلامی هەم شوورای نیگابان دەتوانێ هەڵبژاردنی سەرکۆماری هەڵوەشێنێتەوە و هەم رێبەری رێژیم کە نوێنەری ئیمامی زەمان لە سەر عەردە دەتوانێ لە واژۆکردنی حوکمی سەرکۆماری هەرچەند بە دەنگی خەڵك هەڵبژێردرابێ، خۆ بپارێزێت. کەوایە هەڵبژاردن لە وەها سیستمێکدا بەغەیری رەواییدان بە دەسەڵاتی وەلی فەقیە، هیچ مانا و مەفهومێکی نییە.

لە وەها سیستمێکدا ئەگەر بەشێکی زۆری خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، هیچ لە رواڵەتی پرسەکە ناگۆڕێ و دەسەڵات لە دەستی تاقمێکی بچووکدا دەمێنێتەوە. چونکە بنکە و بنیاتەکانی سەر بە رێبەریی دەستیان لە کونترۆڵ و ساختەکاری لە هەڵبژاردن لە کاتی ناونووسینی پاڵێوەران، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردەنەکان، دیاریکردنی پاڵێوەراوی جێی متمانە و دیاریکردنی سەرکۆماری دڵخوازی رێژیمدا هەیە.

هەر بۆیە بەشداریکردن لە وەها هەڵبژاردنێکدا بە مانای رەواییدان بە سیستمی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیە و پێوەندی بە چارەنووس و داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێرانەوە نییە. تەنانەت ئەگەر یەکێك لە پاڵێوەران بیهەوێت گۆڕان و چاکسازی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بکا، بە هۆی بوونی کەسێکی وەك وەلی فەقیە و یاسایەکی بنەڕەتی نادێموکراتیك توانای گۆڕان و رێفۆرمی نییە. کەوایە دوای نزیك بە ٣٤ ساڵ ئەزموونکردنی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا، دەبێ بەو قەناعەتە بگەین کە ئەو هەڵبژاردنە هیچ قازانج و پێوەندییەکەی بە ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکانی ئێرانەوە نییە. بە چاوخشاندن بە ناوی ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ پۆستی سەرکۆماریی خولی یازدەهەم پالاوتووە، دەبینین بەشێکیان لە سیما دیارەکانی پشتیوانانی تێرۆر و تێرۆریزمی دەوڵەتین و تەنانەت رۆڵیان لە تێرۆر کردنی کەسایەتییەکانی بەرهەڵستکاری رێژیم و بەتایبەت لە تێروری رێبەرانی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبوە و لەلایەن پۆلیسی نێونەتەوەییەوە حوکمی دەستگیرکردنیان هەیە. بەشێکی دیکەیان بە بەردەوامی لە دژی بیری ئازادیخوازی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سانسۆرکردنی چاپەمەنی، پیلان بە دژی رووناکبیران و زۆر کردەوەی نامرۆڤانەی دیکە لە پێناو پاراستنی سیستمی ویلایەتی فەقیە رۆڵیان هەیە یا لە باوەڕپێکراوانی کۆماری ئیسلامین. لە ناو ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی خولی یازدەهەم کاندیدا کردووە، هاشمی رەفسەنجانی و رەحیم مەشایی جێی تێڕامانی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان بوون. رەفسەنجانی وەك «عالی جەنابی سوورپۆش» فەرماندەر و بریادەری تیرۆرکردنی کەسایەتییە دێموکراتەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران و هەروەها ئەندازیاری وێرانکردنی ئابووری ئێران، گەندەڵی، ئێعتیاد، چوونەسەری قیمەتەکان، هەرزانفرۆشکردنی کارخانەکان لە ماوەی ٨ساڵ سەرکۆماریدا، لە کارنامەیدا تۆمار کراوە و ئەم کردەوانەش سەنەدێکی حاشاهەڵنگەرە. ئێسفەندیار رەحیم مەشاییش لە ساڵەکانی ١٣٥٨ تا ١٣٦١ لە پۆستی جێگری ئیتلاعاتی سپای پاسداران جێگیر لە قەرارگای «حمزه سیدالشهدا» لە کوردستانی ئێران دەستی بە چالاکی کردووە و دەستی لە سەرکوت و کوشت و بڕی خەڵك و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێراندا بووە.

بەڵام بە هەر شێوە ئێستا رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە قوناخێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت. دۆخی نالەباری ئابووری ـ سیاسی، ململانێی جیددی لە نێوان باڵەکان، قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و دۆسییەی ناوکیی، رێژیمی لە دۆخێکی ئاڵۆز و شێواودا هێشتووەتەوە. بۆیە ئەم قۆناخە چەندە بۆ رێژیم گرینگە کە خەڵك لە شانۆی هەڵبژاردندا بەشداری بکەن، دەبێ پتر لەوە بۆ خەڵك و نەتەوەکانی ئێران گرینگ بێ، چونکە بەشداریکردن و دەنگدان لەم چەشنە هەڵبژاردنانەدا هیچ قازانجێکی بۆ ئەوان نییە.

# ئێران لە بەرەبەرەی رۆژی جیهانیی پەیوەندییەکاندا

■ عارف وەڵزی

هاتنەئارای ئامرازە پەیوەندییەکانی سەردەم، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤ داناوە و بەکارهێنانی رۆژانەیان، کۆمەڵێك شوێنەواری پۆزێتیڤی وەك بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری، لەنێوبردنی مەودای جوگرافیایی، داهات، پەروەردە و فێرکردن، دابینکردنی ئاسایش و ئەمنیەت، پەرەپێدانی ئازادی، وەرگرتنی زانیاری و ...هتد لە خۆ بەجێ هێشتووە و هەر ئەمانەش بوونەتە هاندەرێك کە مرۆڤ بۆ پێشکەوتنی زێدەتری کۆمەڵگا، بەردەوام لە فکری داهێنانی نوێ لەم پەیوەندییەدا بێت.

ئەگەر بە کورتی بمانەوێ باسی بکەین، هاتنە ئارای ئامرازە پەیوەندییەکانی وەك تێلگراف و تەلەفوون، وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤ و دونیای پەیوەندییەکان لە جیهاندا. هەر بۆیە دەبینین کە لە یەکەمین هەنگاوی بەرەوپێشچوون لە بواری پەیوەندییەکاندا کە لە ساڵی ١٨٦٥ی زایینیەوە هەوڵی بۆ درا، یەکیەتی تێلگرافی نێونەتەوەی لە پاریس پێکدێت و خزمەتگوزاری پێشکەشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات. لە قۆناغی دواتر و دوای دەربازبوونی نزیك بە ٤٠ ساڵ و لە ساڵی ١٩٠٦دا، ئەم یەکیەتییە لە کۆنفرانسی خۆیدا بڕیاری دا کە یەکیەتییەکی دیکە بە ناوی یەکیەتیی رادیۆ و تێلگرافی نێونەتەوەی پێك بێنێ. پاش نزیك بە سێ دەیە خزمەتی شان بەشان، ئەم دوو یەکیەتییە لە ژێر ناوی بڕیارنامەی مادریدا یەکیان گرت و یەکیەتیی نێونەتەوەیی پەیوەندییەکانی دووریان دامەزراند و لە راستیدا رۆژی جیهانی پەیوەندییەکان واتە٢٧ ی بانەمەڕ (١٧ ی مەی) وەبیر هێنەرەوەی ئەم رۆژە مێژووییەیە.

ئێستا بە خۆشییەوە دەبینین کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای سەردەم و گەشەسەندنی ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیگرتن، گەیشتووەتە ئاستێك کە جیا لەوەی وەك پێوەرێکی پێشکەوتنی وڵات لە جیهانی ئەمڕۆدا دێتە ئەژمار، بەڵکوو دەتوانێ لە زۆر بواری دیکەی وەك ئاسانکردنی ژیانی رۆژانە و گەشەی فەرهەنگی، و تەنانەت بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجگەلێکی سیاسی و ناساندنی شوناس و کیانی نەتەویی نەتەوە بندەستەکان، یارمەتیدەر بێت.

هەربۆیە چەمکی راگەیاندن لەهەر وڵاتێکدا باسکی بەهێزی ئەم وڵاتەیە و لە رێگای ئامرازە پەیوەندییەکانەوەیە کە دەتوانێ بۆ پێکانی ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆی لە هەموو بوار و ئاستەکاندا، ئاراستە بە سیاسەت و بەرنامەو پرۆگرامەکانی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوە بدات.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێت تیشکی بخەینە سەر، زەروورەتی بوونی ئامرازە پەیوەندیەکان لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو و داخراودایە، چونکە بۆ بردنەسەری ئاستی وشیاری کۆمەڵگا و هەموارکردنی رێگاکانی رزگار بوون لە سیستمی ناڕەوای مەوجود لەو وڵاتانەدا، رۆڵێکی ئەرێنی و بەرچاو دەبینێ.

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە بۆ پەرەپێدانی ئیدئۆلۆژی ئیسلامیی خۆی، هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکارییەوە لە سەر ئەساسی دژایەتیی راگەیاندنی ئازاد و ئامرازە پەیوەندییەکانی سەردەم، پایەکانی دەسەڵاتی خۆی دامەزراند. بۆیە دیتمان کە لە رۆژنامەگەریی ئازادەوە بگرە تا بەکارهێنانی ماهوارە و ئامرازەکانی دیکەی پەیوەندی بەکۆمەڵ بەربەستی بۆ سازکردن و بە هەموو شێوەیەك کەوتە هەوڵی سانسۆر کردنی راستییەکانی دونیای ئەمڕۆ.

ئاشکرایە کە لە سەردەمی ئێستادا کە بە سەردەمی دیجیتاڵی بوون پێناسە دەکرێ، سەرەکیترین و زەروریترین ئامرازی پەیوەندی لە سەرتاسەری جیهان کە بە هەموو شێوەیەك و بۆ هەموو کەسێك بەکەڵکە، ئینتێرنێتە. بەڵام بەداخەوە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کە حەشیمەتێکی ٧٥ ملیۆن کەسی هەیە و بە پێی ئامارەکان ٤٥ ملیۆن کەس لەو حەشیمەتەش بەکارهێنەری ئینتێرنێتن، زۆربەی کاتەکان بەتایبەت لە ١٠ ساڵی رابردوودا ماڵپەڕەکانی وەك فەیسبووك، گووگڵ، یاهوو و نەرمئەفزارەکانی ڤی پی ئێن ... و هتد، دەکەونە بەر تیغی سانسۆر و فیلتێرکردن و بەم هۆیەشەوە بەکارهێنانی ئەم ماڵپەڕانە مومکین نابێت. ئەوەی کە جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە دوای هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نژاد هەتاکوو ئێستا، بە بەردەوامی هەوڵی دامەزراندنی ئینتێرنێتی میللییە کە لە دونیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا، بە ئاپارتایدی دیجیتاڵی ناودێر و تەنیا لە وڵاتی کۆریای باکووردا وەها شتێك ئەزموون کراوە، بڵاو کراوەتەوە. سەرەڕای تەبلیغات و پڕوپاگەندەی زۆری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ بەهێزبوونی ئینتێرنێتی میللی، شارەزایانی ئەم بوارە لە سەر ئەو باوەڕەن کە، ئەم رایەڵە ئینتەرنێتیە (ئینتەرنێتی مللی) دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێران بە تەواوی ئیزۆلە بێت و لە شەبەکەی زانیاری گشتیی جیهانی دوور بکەوێتەوە.

لە کۆتایدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە راگەیەن و بەتایبەت ئینتێرنێت بەشێکی سەرەکی لە ژیانی ئەمڕۆیی هەر تاکێکە لە جیهاندا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دامەزراندنی ئینتێرنێتی میللی و سانسۆری پەیوەندییەکان بەگشتی، خەڵکی خۆی لە راگەیاندنی سەردەم بێبەش دەکا، تاکوو بتوانێ بە شاردنەوەی راستی و واقعییەتەکانی نێوخۆ و دونیای دەرەوە، مەودای گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کەمتر بکاتەوە.

## جووت حەوت

هەوراز

ـ ئاخوند محەممەد یەزدی، ئەندامی شۆرای نیگابان لە وەڵامی یەکێك لە بەربژێرە ژنەکانی سەرکۆماریدا کە گوتوویە: «ئەگەر من ببمە سەرکۆمار، پێکهاتەی دەوڵەتەکەم نیوە بە نیوە لە ژن و پیاو دەبێت»، گوتوویە: «فلانە کەسیان رێ نەدایە نێو ئاوایی، هەواڵی ماڵی کەیخودای دەپرسی»، کورد گوتەنی، یەزدی دەیهەوێ بڵێ: «خانباجی شووی بۆ نەبوو، داوای جیازی دەکرد». تاتی گیان! دادە! خوشکی بەڕێز! تۆ دەڵێی هەر لە ئێران نەژیاوی، ماڵت کاول نەبێ یا خوا! ئاخوند جەماعەت، تۆ بە مرۆڤیش قبووڵ ناکەن، ئەودەم دەتهەوێ پێت بڵێن: «خانمی پرێزیدنت! فەرموو وەرە ژوورەوە!».

ــ پاسدار ئیسماعیل ئەحمەدی موقەدەم، فەرماندەی هێزی ئینتزامی و ئاوەڵزاوای ئەحمەدی نژاد، گوتوویە: «لە رووداوەکانی ساڵی١٣٨٨دا کاتێك کە مۆرەی پشتی یەکێك لە مەئموورانی ئێمە شکابوو، هێزەکانمان بە شکاندنی شووشەی ئۆتۆمبیلەکان و ماڵەکانی خەڵك لە شوێنی رووداوەکەدا تۆڵەیان کردەوە».

شایانی باسە لەو کاتەدا ئەحمەدی موقەدەم و هاوکارانی دەیانگوت: «ئەوانەی لە فیلمەکاندا شووشەی ماشین و ماڵی خەڵك دەشکێنن، مەئمووری ئێمە نین، ئەرازل و ئەوباشن جلی پۆلیسیان لەبەر کردووە».

ئیمە وەکوو خۆمان، جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوو قسەیەدا نابینین، تەنیا دەڵێین: «جەنابی سەردار! ئیمەش گومانمان لەوەیدا نیە کە ئەو هێزانە ئەرازل و ئەوباش بوون کە جلی پۆلیستان لە بەر کردبوون، وەك چۆن جەنابت و ئەحمەدرەزا رادان و محەممەدعەلی جەعفەری و... ئەرازل و ئەوباشن و جلی ژەنراڵی لە بەر دەکەن و پێویست بکات وەکوو روویانیان جلی وەرزشی لەبەر دەکەن.

ـ موحسین قەرائەتی، مامۆستای ئەخلاقی تەلەفیزیۆنی رێژیم دەڵێ: «جوانکاریی کچان لە زانکۆکاندا، لە رووی یاساییەوە ستەمە و دەبێتە هۆی تێکچوونی کۆبیریی زانستی خوێندکارانی کوڕ.» پێم وابێ حاجی موحسین زیاتر لە تێکچوونی کۆبیریی بەسیجییەکان دەترسێ کە بە هۆی دیتنی جوانیی کچان، ناتوانن وەسیەتنامەی ئیمامەکەیان لە بەر بکەن، دەنا ئەگەر مەبەستی لە زانست «سیاسەت و فەلسەفە و هونەر و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و...» بێت، ئەوە قەرائەتییەکان خەریکە بە تەواوی بنبڕی دەکەن، جا ئیتر کۆبیریی زانستیی چی و عەشقی کوڕانی چی و چاوی جوانی چی و کچی چی و مچی چی؟

# کەمایەتییە نەتەوەییەکان و بەشداریی کاریگەریان لە پڕۆسەی سیاسیدا

■ ئیبراهیم لاجانی

لەو وڵاتانەدا کە نەتەوە و پەیڕەوانی دین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان پێکەوە لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسی دەوڵەتیدا دەژین، دەوڵەتی ناوەندی پێویستە هەموو سازوکارێکی پێویست بۆ خوڵقاندنی دەرفەتی لەبار بە مەبەستی بەشدارکردنی چالاکانەی کەمایەتییەکان لە پڕۆسەی سیاسی وڵاتدا بگرێتە پێش.

مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، دەوڵەتەکانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پەیماننامانەی کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و زمانییەکان پەسەندی کردوون، پابەند دەکا. لەوەش زیاتر ئەرکیان دەخاتە سەر شان تا بۆ پیادەکردنی ئەو پەیماننامانە لە ئاستی دونیادا، هاوکاری وڵاتانی دیکە و کۆمەڵگای نێونەتەوەی بکەن.

ئەوە بەو مانایە کە بێجگە لەو یاسایانەی کە لە ئاستی هەر وڵاتێکدا دەوڵەت بە حوکمی ئەندام بوونی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا دەبێ بۆ پاراستنی مافی کەمایەتییەکان بەڕێوەیان بەرێ، یاسای نێودەوڵەتیش گەلێك کۆنوانسیۆنی جۆراوجۆری بۆ پاراستنی مافی کەمایەتییەکان و دابینکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەشداربوونی ئەوان لە کاروباری سیاسیی وڵاتەکانیاندا وەبەرچاوگرتوون کە دەوڵەتەکان پێویستە لە سیاسەتگوزاریی خۆیاندا بەرامبەر بە کەمایەتییەکان وەبەرچاویان بگرن.

کۆنوانسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ مافە مەدەنی و سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان، ڕێوشوێنە گشتییە پێویستەکان بۆ بردنەپێشی وەها سیاسەتێك بۆ دەوڵەتەکان دەستنیشان دەکەن. جیا لەوان هەر وەك وتمان لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییشدا، ژمارەیەکی زۆر قانوون و یاسایی تایبەت بە پاراستنی کەمایەتییەکان لەلایەن ئۆرگانە نێونەتەوەیی و ناوچەییە سەلاحییەتدارەکانەوە پەسەند کراون کە ئیعتیباری قەزایی و قانوونییان هەیە.

کەواتە لە دونیای ئەم سەردەمەدا، ئیدی دەوڵەتەکان ناتوانن وەك ڕابردوو بە کەیفی خۆیان بجووڵێنەوە و لە پشتی پرنسیپی سەربەخۆیی و حاکمیەتی میللی و نیشتیمانی، سیاسەتی بێ عەداڵەتی و هەڵاواردن و تەبعیز دەرحەق بە کەمایەتیەکان بەڕێوە بەرن.

یەکێك لەو ئەسڵانە کە قانوونی نێونەتەوەیی بۆ بەشدارکردنی کەمایەتییەکان لە پڕۆسەی سیاسی وڵاتەکانیاندا پێی لەسەر دادەگرێ، بریتیە لە پرنسیپی ئامادەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆ بەشداریی کاریگەر و چالاکانەی ئەوان لە پڕۆسەی سیاسیدا.

بەگوێرەی ئەو ئەسڵە، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و قانوونی نێودەوڵەتی حوکم دەکەن کە دەوڵەتەکان بێجگە لەو ڕێوشوێنە جۆراوجۆرانەی کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەشداری هاووڵاتیان لە پڕۆسەی سیاسییدا پیادەیان دەکەن، پێویستە هەندێك سازوکار و بەرنامەو پلان و سیاسەتی تایبەتی دیکەش بگرنەپێش کە ڕێگا بۆ بەشداریی چالاکانەی کەمایەتیەکان لە پڕۆسەی سیاسییدا خۆش بکەن. جەوهەری ئەو کارە بریتیە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی هەڵسوکەوتکردنی تایبەتی و موسبەت بەرامبەر بە کەمایەتییەکان واتە( affirmative action) یا ئەوەی مامۆستا گۆران گوتەنی برا عەرەبە چاوڕەشەکانمان پێی دەڵێن (الإجراوات الإیجابیە).

ئەو هەڵسوکەوت کردنە پۆزەتیڤ و تایبەتیە لە کردەوەدا دەتوانێ فۆرمی جۆراوجۆر بە خۆیەوە بگرێ. وەك دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەی کەمایەتیەکان، ئەوە کە کەمایەتییەکان ئۆتۆنۆمییان بدرێتێ، یا لە ناوچەکانی شوێنی دانیشتنی خۆیاندا دەسەڵاتی ئیداری و خۆبەڕێوەبەری خۆیان پێ بدرێ، یا دامەزراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کولتووری و میدیایی کۆمەڵایەتی و تەندروستیی تایبەت بۆخۆیان بۆ درووست بکرێ کە ئەوان بە هی خۆیانی بزانن و ئەو دامەزراوانەش لە کردەوەدا دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی ئەو کەمایەتییانە بکەن. یانی پێویستە ئەو مافە بە کەمایەتییەکان بدرێ کە هەندێك ئەنستیتۆ و موئەسەساتی تایبەت بە خۆیان درووستکەن کە لە کردەوەدا نوێنەرایەتی ئەوان بکەن. ( special representation righes )

واتە هەندێك ئۆرگانی تایبەت بەخۆیان درووستکەن کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی و ئەو زۆرایەتییەدا کە دەسەڵاتی بە دەستەوەیە، بیانپارێزن و قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەوان بەرنە پێش. ئەوەش دەکرێ بە شکلێ پاڕلەمانی ناوچەیی، حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و فراکسیۆنی سیاسی تایبەت بە خۆ، حکومەتی ناوچەیی، فیدرالیزەکردنی وڵات، دێسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی حکوومەتی و پێکهێنانی ئۆرگان و موئەسەساتی جۆراوجۆر بۆ پیادەکردنی حاکمیەتی شەراکەتی لە ئاستی سەرانسەریدا، خۆی نیشان بدا.

ئەو ڕوانگە تازەیە ئاڵوگۆڕی بەرچاوی بە سەر ئەو لێکدانەوە لیبڕالیەدا هێنا کە پێشتر لە قانوونی نێودەوڵەتیدا بۆ مەسەلەی کەمایەتییەکان دەکرا و دوای شەڕی دووهەمی جیهانی برەوی پەیدا کردبوو. لێکدانەوەیەك کە دەیگووت دەوڵەت پێویستە هەلومەرجێك پێك بێنێ تا هەموو هاووڵاتیان، بێ وەبەرچاوگرتنی هیچ جیاوازیەك، بتوانن وەك یەك لە پڕۆسەی سیاسیدا بەشداری بکەن. واتە یەك سیاسەت political equality بەرامبەر بە هەموو هاووڵاتیان بێ هەڵاواردن بەڕێوەبەرێ.

ئێمە کوردەکان ئەوەشمان پێ ڕەوا نەبینراوە و وەك هاووڵاتیی دەرەجە سێ و چوار سەیرمان کراوە. کاتێك دووکتور قاسملوو لە دیدار لەگەڵ خومەینیدا، پێی دەڵێ ئێمە کوردەکانی ئێران چاوەڕوانین دەوڵەتی مەرکەزی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان وەبەرچاو بگرن، لەوەڵامدا خومەینی دەڵێ هەموو موسوڵمانین. بەڵام وەك موسوسوڵمانیش ڕەفتارمان لەگەڵ نەکرا. دواتر هەر ئەو خومەینیە جیهاد بە دژی خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند.

بەوجۆرە لە دەیەی ئاخری قەرنی ڕابردوودا، پاش رووخانی سیستەمی سۆسیالیزمی مەوجود و سەرهەڵدانی کێشەی کەمایەتییەکان لە ئورووپا و وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوودا، بەتایبەت دوای کارەساتەکانی باڵکان و کۆنگۆ و ئاسیای نێوەڕاست، هەروەها بەهۆی توندتربوونی کێشەی نەتەوەیی و بڵێسەداربوونی خەباتی گەلانی ژێر چەپۆك و یەك لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، مەسەلەی گەل و نەتەوە بندەستەکان و کەمایەتییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بوو بە مەسەلەی هەرە سەرەکی.

ساموئێل هەنتنگتۆن، بە هەڵسەنگاندنی ئەو دیاردەیە وتی ئیدی لەمەو بەدوا کێشەی ئەسڵی، کێشەی نێوان فەرهەنگەکان، کولتوورەکان، تەمەدوونەکان و نەتەوەو کەمایەتییە جیاجیاکان لەگەڵ یەکتر دەبێت. شەهید دووکتور سەعید لە ڕاپۆرتی خۆی بۆ کۆنگرەی ٩ی حیزبدا، بە خۆشبینیەوە دەڕوانێتە ئەو وەزعە تازە نێونەتەوەییە. لەوەش زیاتر وەك شانسێکی تازە کە بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد هاتۆتە پێش، لە سیاسەتگوزاری بزووتنەوەی کوردا، حیسابی بۆ دەکاتەوە.

بەو شێوە لە ئاکامی ئەو وەزعەدا، مەسەلەی مافی کەمایەتییەکان لە قانوونی نێونەتەوەییدا بوو بە مەسەلەیەکی ئاکتوێڵ و لێکدانەوەی قوڵتر و دەوڵەمەندتری بۆ کرا.

ئەو تێزەی کە دەڵێ دەوڵەت دەبێ یەك سیاسەت بەرامبەر هەموو هاووڵاتیان بێ جیاوازیی بەڕێوەبەرێ تا دەرفەت و شانسی وەك یەکیان بۆ بەشداری لەکاروباری سیاسییدا بۆ پێکبێنێ، لە وڵاتە فرەکولتووری و فرەفەرهەنگیەکاندا، لە کردوەدا نەك هەر بە بنبەست گەیشت، بەڵکوو کارەساتی ئینسانی گەورەشی لێکەوتەوە.

ئەو سیاسەتە تەعبیرێکی بەرتەسك بوو کە لە پرنسیپی سیاسەتی وەك یەك political equality یا یەك جۆرە سیاسەت دەکرا. لەو پرینسیپەدا، دەوڵەت بە مەبەستی دابینکردنی مافی وەك یەك بۆ هاووڵاتیان بۆ بەشداری لە پڕۆسەی سیاسیدا یەك سیاسەتی ڕەسمی و دەوڵەتی دەباتە پێش. بەڵام ئەزموونە مێژوویەکان دەریدەخەن کە لە کردەوەدا زۆرایەتیی دەسەڵاتدار کە دەوڵەتی بە دەستەوەیە، هەمیشە تەبعیزی بە دژێ کەمایەتییەکان بەڕێوە بردووە.

دواتر ئەو پرنسیپە خوێندنەوە و تەفسیر قووڵتری بۆ کرا. شانسی وەك یەك و equality of opportunity هەروەها ئاکامی وەك یەك equality of outcome بوون بە جەوهەری ئەو تێگەیشتنە نوێیە. لەوەش زیاتر ئەو تێگەیشتنە نوێیە ئەو سیاسەتە تایبەتیانەش دەگرێتەوە کە بۆ بەهێزکردن و ڕاهێزان و ئێمپاوەرمێنتدان بە کەمایەتییەکان دەبێ وەبەرچاو بگیردرێن.

یانی نێوەڕۆکی سیاسەتی وەك یەك هەم شانسی وەك یەك و هەم ئاکامی وەك یەك دەگرێتەوە و هەم ئەو سیاسەتە تایبەتیانەش دەگرێتەوە کە وەزعی تایبەتیی کەمایەتیەکان بە حیساب دێنێ.

ئەوەی تایبەتە بە ئێمەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەوەیە کە هیچ کات هەستمان نەکردوە کە شانسی وەك یەکمان لەگەڵ کەسانی سەربەنەتەوەی دەسەڵاتدار هەبێ تا بتوانین بە ئەندازەی ئەوان لە کێکەکە بۆ خۆمان هەڵگرین. لەتەعبیری مۆدێرنی ئەو پرنسیپەدا، کە دوای ساڵانی ١٩٩٠، بۆتە کۆڵەکەیەکی دیکەی ئەو سیاسەتە کە دەوڵەت دەبێ بەرامبەر کەمایەتییەکان ڕەچاوی بکا، مافە کولتووری و فەرهەنگی و سیاسی و مەدەنییەکانی کەمایەتییەکان، وەك فاکتۆرێکی پڕبایەخ دەژمێردرێن. یانی دەوڵەت بۆ ئەوەی شانس و دەرفەتی وەك یەك بۆ بەشدارکردنی هەموو هاووڵاتیان لە پڕۆسەی سیاسییدا پێکبێنێ، پێویستە هەر لەسەرەتاوە بە ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازیانەوە دەست پێ بکا کە لە نێوان هاووڵاتیاندا هەن. واتە ئەو جیاوازییانە ببینێ کە کەمایەتییە میللی و ئایینی و مەزهەبی و فەرهەنگییەکان لە زۆرایەتی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار جیا دەکەنەوە و ڕێز لەو جیاوازییانە بگرێ و دەرفەتی گوڵ کردن و گەشەکردنیان بۆ درووست کا.

لێرەدایە کە فاکتۆری هەویەت و ناسنامەی نەتەوەیی و فەرهەنگی و کولتووری و مەزهەبی و ئیتنیکی، وەك پارامیترێکی جیددی لە سەر ڕەوتی چۆنیەتیی چوونەپێشی پڕۆسەی سیاسییدا، خۆیان نیشان دەدەن. واتە پەیڕەوانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان تەنیا کاتێك دەتوانن بەشداریی کاریگەر لە پڕۆسەی سیاسییدا بکەن کە ناسنامە و کولتوورو فەرهەنگی تایبەتی خۆیان بۆ بەڕەسمی بناسرێ و لەو کۆنتێکستەوە لە پڕۆسەی سیاسییدا بەشداربن کە ناسنامەی نەتەوەیی و کولتوری خۆیان پێ ڕەوا دەبینێ.

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ کە کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا، ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی لە پڕۆسەی سیاسیی وڵاتدا بەشداری بکەن. چونکە بەشداریی ئەوان لە پڕۆسەی ئاسایی سیاسییدا هیچ کاریگەریەکی جیدی لەسەر وەزعی سیاسیی وڵات و چارەنوسی خۆیان نابێت. لە لایەك کۆماری ئیسلامی سیستمێکی مەزهەبی وغەیرە دێموکراتیکە. لە لایەکی دیکەش ناتوانێ و لە ماهیەتیدا نییە سیاسەتێکی وەك یەك بەرامبەر هەموو هاووڵاتیان بەڕێوەبەرێ تا دەرفەت و شانسی وەك یەکیان بۆ تەئسیر گوزاری بداتێ. لە ئاکامدا لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا سیاسەتی تەبعیز و هەڵاواردن بەرامبەر کەمایەتییە میللی و مەزهەبی و ئایینی و جنسییەکان بەڕێوە دەبات. ئەوە شتێکە ئێمە خەڵکی کوردستان بە ئێسك و پێستەوە هەستی پێدەکەین. لە لایەکی دیکەشەوە چونکە دەوڵەتی ناوەندی هیچ سازوکارێکی تایبەتی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوە بندەستەکان نییە و ڕێگاش نادات ئەوان بۆ بردنەپێشی داخوازی و قازانجەکانی خۆیان، دامەزراوە و موئەسەساتی تایبەت بەخۆیان هەبێت، کەمایەتییەکان ناتوانن بەشداریی کاریگەر لە پڕۆسەی سیاسیی وڵاتدا بکەن. بۆیە بەشداریی ئێمەی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژارنەکاندا، شوێنەوارێکی بەرچاوی لە سەر پڕۆسەی سیاسی نابێت.

لە ئێراندا لەلایەك سیاسەتێکی وەك یەکی دەوڵەتی بەرامبەر هاووڵاتیان بەڕێوە ناچێ، دەرفەت و شانسی وەك یەك نادرێتە کەمایەتییەکان، لە لایەکی دیکەشەوە بە توندی تەبعیزیان پێ ڕەوا دەبینرێ. لەوەش زیاتر هیچ دامەزراوە و موئەسەساتێکی تایبەت بەخۆیان بۆ لەبەرچاوناگیرێ تا بتوانن بە شێوەیەکی چالاکانە و کاریگەر لە ڕێگای ئەوانەوە تەئسیر لەسەر پڕۆسەی سیاسی دانێن. کاتێکیش ئیعتراز و ناڕەزایەتیی خۆیان بەرامبەر ئەو بارودۆخە دەردەبڕن، لەگەڵ سەرکوت و زەبروزەنگی دەوڵەتی بەرەوڕوو دەبن. بۆیە لە هەلومەرجێکی ئاوادا وەزعەکە شکڵێکی دیکە بەخۆوە دەگرێ.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا نەتەوە بندەستەکان ناچارن بۆ بردنەپێشی ویست و داخوازەکانی خۆیان ڕێگای شۆڕش و خەباتی سەخت و تەنانەت خوێناویش بگرنە پێش. خەبات و بەربەرەکانێی سەخت و خوێناوی سێ دەیەی ڕابردووی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ دیفاع لە مان و مەوجودیەتی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەبێ لەو پێرسپێکتیڤەوە تەماشا بکرێ. لەخۆڕا نەبوو دوکتور قاسملووی شەهید دەیگووت دیفاع و بەربەرەکانێ و خەباتی چەکدارانەی گەلی ئێمە لووتکەی هەرە بەرزی خەباتی سیاسی و بەشداربوونە لە پڕۆسەی سیاسیدا.



# راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە لە پێوەندی لەگەڵ هەناردەی نەوتی ئێران

■ پەیام

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە رۆژی پێنجشەممە ٢٢ی خاکەلێوەی ئەمساڵ راپۆرتێکی نوێی لەپێوەندی لەگەڵ بازاڕی وزە لە جیهاندا بڵاو کردەوە. لەم راپۆرتەدا باس لە دابەزینی ١٦٠ هەزار بەرمیل هەناردەی نەوتی ئێران لە مانگی مارس لەهەمبەر مانگی فێوریەدا کراوە، رێژەیەك کە بە وتەی ئاژانس کەمترین ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣دا بووە. لە راپۆرتی پێشووی ئاژانسدا هەناردەی نەوتی ئێرانی ١/٢٦ میلیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا هەڵسەنگاندبوو. بەڵام لە راپۆرتی نوێی ئاژانسدا ئەم رێژەیە تا ئاستی ١/١ میلیۆن بەرمیل دابەزیوە. ئاژانس یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم دابەزینەی گەمارۆ چڕ و پڕەکانی رۆژاوا، بەتایبەت ئامریکا بە دژی ئێران راگەیاندووە. لە خولی نوێی گەمارۆکانی ئەمریکا کە لە مانگی فێوریەوە کەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەمریکا داوای لە کڕیارانی نەوتی ئێران کردووە کە پارەی هاوردەی نەوت لە ئێران بە پارەی وڵاتی خۆیان بدەن و لە دانی دراوە بەناوبانگ و بە بایخدارەکانی وەك یۆرۆ و دۆلار خۆ ببوێرن. هەر ئەم پارەیەش کە ئەشێ بیدەن بە ئێران دەبێ لە ژمارە حیسابێك لە وڵاتی هاوردەکەردا بمێنێتە و چاوەدێری بەسەر ئەو کڕینانە بکرێت کە بەم پارەیە لە لایەن ئێرانەوە دەکڕدرێت. هەڵسەنگاندنەکانی ئاژانسی وزە بەپێی ئەو زانیارییەماڵیانەیە کە وڵاتان لە «رێکخراوەی هاوکاری و پێشکەوتندا» تۆماری دەکەن. ئاژانس هەروەها سرنج دەداتە ئەو راپۆرتانەی کە لەنێو ئەم رێکخراوەیەدا لە پێوەندیی ئەو وڵاتانەی کە تۆماری هاوردەیان نییە، بوونیان هەیە. وڵاتی هێند لە گەورەترین هاوردەکەرانی نەوتی ئێران لە دوو مانگە رابردوودا لەگەڵ گرفتی مەزن لە پێوەندی لەگەڵ هاوردەی نەوت لە ئێران بەرەوڕوو بووە، بە هۆی ئەوەیکە ئەو کۆمپانیانەی کە نەوتهەڵگرەکانی ئێرانی بیمە دەکەن، ئیتر بۆ نەکەوتنە نێو لیستی گەمارۆکان خۆیان لە کاری بیمەی نەوتهەڵگرەکانی ئێرانی بواردوە، رەوتی هاوردەی نەوتی ئێران بۆ پاڵاوگەکانی هێندی تووشی گرفتی زۆر کردووە. هاوردەی هێند لە ئێران بە پێی راپۆرتە فەرمییەکان تا ڕادەی ٦٠ لەسەد دابەزینی بەخۆوە بینیوە. راپۆرتی ئاژانس هەروەها لەمبارەوە دەڵێت: بەرهەمهێنانی نەوت لە ئێران لە مانگی مارس رۆژانە بە رێژەی ٢/٦٨ میلیۆن بەرمیل بووە کە لە بەراوەرد لەگەڵ راپۆرتەکانی پێشوو ئاماژە بە دابەزینی ٤٠ هەزار بەرمیل لە رۆژدا هەیە. ئەم راپۆرتە هەوروەها ئاماژەیەکی داوەتە سەر دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك. وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك رێککەوتوون کە ئاستی بەرهەمهێنان لە ئەمساڵدا لە دەوروبەری ٣٠ میلیۆن بەرمیل بهێڵنەوە. راپۆرتی ئاژانس هەروەها هێما بۆ ئەوە دەکات کە کۆی گشتیی بەرهەمی ئۆپێك لەم مانگەدا لەبەراوەرد لەگەڵ مانگی رابردوو تا ئاستی١٤٠هەزار بەرمیل دابەزیوە و گەیشتۆتە ٣٠/٤ میلیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا. دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان لە نێو وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك لە لایەن ئێران، عێراق، نیجیریە، لیبی و ئەلجەزایرەوە بووە. لەبەرامبەردا وڵاتانی عەرەبستانی سعوودی و کوەیت ئاستی بەرهەمهێنانیان بەرز کردۆتەوە. خاڵێکی دیکە کە لە راپۆرتی ئەمجارەی ئاژانس وەبەرچاو دەکەوێت کاتی بوونی بەرز بوونەوەی نرخی نەوتە لە جیهاندا، لەم بارەوە ئاژانس دەڵێت: «هێشتا زۆر زووە کە باس لە بازاڕی نائارام و ناهاوسەنگ بکەین. ئاسەوارێك بەدی دەکرێت کە گوشاری بەرز بوونەوەی نرخەکان کورتماوە دەبێت.» بەپێی ئەم راپۆرتە چوونەسەرەوەی داواکاریی جیهانی بۆ نەوت لەساڵی ٢٠١٣دا لەبەرامبەر ساڵی رابردوو تا ئاستی٧٩٥هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا دەبێت کە ئەم رێژەیە لە بەراوەرد لەگەڵ بەراوەردەکانی پێشووی ئاژانس هێما بۆ کەمبوونەوەی داوا دەکات. لە ئاکامدا نرخەکانیش دەبێ رێچکەیەکی روو لە دابەزینیان هەبێت. بەپێی راپۆرتی ئاژانس گرفتی هەناردەکردنی چەند وڵاتی ئەندامی ئۆپێك و کێشە سیاسییەکان هۆکارە سەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی نرخەکان لە چەند مانگی رابردوودا بوون. قەیرانی پاڵاوگەکانی ئەلجەزایر و دەسبەسەرداگرتنی چەند پاڵاوگە لە وڵاتی لیبی لە لایەن کرێکارانەوە دوو لەم هۆکارانە بوون. لە گرینگترین کێشە سیاسییەکانیش کە باڵیان بەسەر بەرهەمی نەوتی جیهاندا کێشاوە، یەکێکیان گرفتی ناوکی ئێرانە. خولی نوێی دانوستاندنەکانی نێوان ئێران و زلهێزە جیهانییەکان لە ئاڵماتی بە وتەی دوو لایەنی کێشەکە هیچ ئاکام و رێککەوتنێکی لێ نەکەوتۆتەوە، هەر لەم رووەوە چاوەڕوانیی هەڵگرتنی گەمارۆکانی سەر ئێران کە لە چەند مانگی رابردوودا کەرتی نەوتی ئێرانی پێکاوە، نەهاتە دی. هەرلەم پێوەندیەدا سەنای ئەمریکا لە حەوتووی رابردوودا رایگەیاند کە بەستەیەکی نوێی لە گەمارۆکان بە دژی ئێران ئامادە کردووە. لەو کێشە سیاسییانەی دیکە دەتوانین باس لە قەیرانی نیمچە دوورگەی کۆریا بکەین. بەرزبوونەوەی مشت و مڕی نێوان دوو کۆریا و هەڕەشەی ناوکی کۆریای باکوور، ئێستاکە دوو بازاڕی گەورەی نەوتی جیهان، واتا کۆریای باشوور و چینی لەگەڵ هەڕەشەی گرینگ بەرەوڕوو کردووە. هەروەها نابێ قەیرانی سووریەمان لەبیر بچێتەوە کە ماوەیەکی دوور و درێژە بۆتە هۆی ناسەقامگیریەکی مەزن لە ناوچەی پڕ قەیران و ناهێمنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە لە هەڵسەنگاندنی وزەی جیهان بە بڕەوترین رێکخراوە. ئەم رێکخراوەیە کە ناوەندەکەی لە پاریسە، بە ٢٨ وڵاتی پیشەسازی و بەکارهێنەری نەوت لە جیهان زانیاری راوێژکارانەی وزەیی دەدات. لە راپۆرتی پێشووی ئاژانس کە لە مانگی مارسدا بڵاو بۆوە، هێما بۆ چوونەسەرەوەی هەناردەی نەوتی ئێران لە مانگی فێوریە سەرەڕای بوونی گەمارۆکانی رۆژاوا لەهەمبەر مانگی ژانویەدا کرابوو. هەڵسەنگاندنەکانی ئاژانس ئەوە دەردەخات کە هەناردەی نەوتی ئێران لە ساڵی ٢٠١١بەرامبەر بووە لەگەڵ ٢/٥ بەرمیل لە رۆژدا بەڵام لەگەڵ دەسپێکی گەمارۆکانی رۆژاوا بە دژی کەرتی نەوتی ئێران ئەم رێژەیە گەیشتۆتە ١/١ میلیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

# پیشانگای کتێبی تاران و چەند سەرنجێک

■ کانیاو

بواری کەلتوور یەکێك لەو بوارانەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەهای پێ دەدرێت و ئەکەوێتە بەر سەرنجی بەرپرسانی ئەم بوارە. بەڕێوەبردنی چالاکییە کەلتوورییەکان یەکێك لەو رێگایانەیە کە هەر وڵاتێك بۆ پەرەپێدانی فەرهەنگ و وشیاریی کۆمەڵایەتی کەڵکی لێ وەردەگرن. لەو نێوەدا لە هەندێك وڵاتی جیهان بۆ پەرەپێدانی ئەم چەمکە کارناواڵ و پیشانگای هەمەڕەنگ وەڕێ دەخرێت. فێستیواڵی نێونەتەوەیی فیلم لە کەن یا وێنیز یا بەڕێوەچوونی پیشانگای کتێب و پەرتووك لە فرانکفۆرت و نیۆیۆرك وکارناواڵی سەما و ئاواز لە برێزیل و ... لەم چەشنە رێوڕەسمانەن کە لە ئاستی جیهانیدا جێی خۆیان کردۆتەوە و وەك رووداوێکی گرینگی کەلتووری لە جیهاندا دەناسرێن. وڵاتانی جیهان بە بەڕێوەبردنی ئەم رێوڕەسمانە لە لایەکەوە بەدوای پڕبار کردنی فەرهەنگ و کەلتووری خۆیانن و لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدەن کە کۆمەڵگای خۆیان لەگەڵ باقی کەلتوورەکانی جیهان ئاشنا بکەن و بەم چەشنە کەڵك لە باشیەکانی داب و نەریتی بیانییەکانیش وەرگرن. لە وڵاتی ئێمەش بە رواڵەت بۆ پەرەپێدانی بواری فەرهەنگی کتێب و کتێب خوێندنەوە و ئاشنا بوونی توێژی رووناکبیر و خوێندەوار بە نوێترین بەرهەمەکانی بواری پەرتووك پیشانگایەکی کتێب هەموو ساڵێ لە تاران بەرێوە دەچێت کە ئەمساڵ خولی ٢٦مینی ئەم پیشانگایە لە بەرواری ١١ تا ٢١ بانەمەڕ بەرێوە چوو. بەها دان بە بواری کتێب و کتێب خوێندنەوە لە بنەمادا کارێکی زۆر پیرۆز و شیاوی رێزە بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا تەنانەت چەمکە فەرهەنگی و هونەریەکانیش تێکەڵاوی هزری کۆنەپەرەستانە دەکرێت و سیاسەتەکانی سەردەمدارانی پێ دابین دەکرێت. لە پیشانگای کتێبی تارانیش ئەگەرچی ئەم رێوڕەسمە ئەشێ سەکۆیەکی ئازاد بێت بۆ نیشاندانی نوێترین بەرهەمی نووسەران و دەزگاکانی چاپی کتێب بەڵام بیری تەسکی دەسەڵاتداران تەنانەت لە گۆرەپانێکی وەك پیشانگاشدا ئەشێ هزری خۆیان پەیرەو بکەن و شوێنێکی وەك پیشانگا بکەنە ناوەندێك بۆ پڕوپاگەندای سیاسەتەکانی خۆیان. لە پێشانگای ٢٦مینی تاران دیسان زۆر لە بڵاوکەرەوە و چاپەمەنییەکانی سەربەخۆ ئیزنی هاتنیان بۆ پیشانگا بە بیانووی جۆراوجۆری وەك کێشەی جەواز و گرفتی یاسایی پێنەدرا و تامەزرۆیانی کتێب و زانست جارێکی دیکە لە بەرهەمەکانی ئەم ناوەندانە بێبەش کران، بۆ وێنە: دەزگاکانی چاپی کتێبی گام نو، بقعه، چشمه، صمدیه، امید فردا کویر و ... لەو ناوەندانە بوون کە ئیزنی هاتنیان بۆ پیشانگا پێ نەدرا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی ئەم دەزگایانەی کە ئیزنی بەشداریان پێنەدراوە بڵاوکەرەوەی کتێبی زانستە ئینسانییەکان بەتایبەت زانستە سیاسییەکانن و وەك سەرەکیترین سەرچاوەی دابینکردنی ئەم چەشنە کتێبە دێنە ئەژمار، بە وایاتەکی دیکە هۆکاری سەرەکی بۆ ئیزن نەدانی ئەم ناوەندانە، چاپ و بڵاوکردنەوەی بیری ئازادیخوازی و رووناکبیری لە نێو کۆمەڵگادا بووە، بیرێك کە بەپێچەوانەی هزری بەڕێوەبەرانی پیشانگایە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەمساڵ بەشێکی سەرەکی شوێنی پیشانگا واتا بەشی شبستان تەرخان کرابوو بۆ ئەو ناوەندانەی کە کتێبە ئایینی و ئیدئۆلۆژیکەکانی قەبووڵکراو لە لایەن رێژیمیان بۆ پیشانگا هێنابوو. بەشێك کە کەمترین ئاستی فرۆشی بۆ خۆی تەرخان کردبوو. کێشەیەکی دیکەی پیشانگای کتێبی تاران گرانی لە رادەبەدەری نرخی کتێب بوو، بە شێوەیەك کە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بۆ پیشانگا دەهاتن توانایی کڕینیان بە رادەیەکی زۆر دابەزیبوو و زۆر کەست دەدیت کە بە دەستی بەتاڵ لە پیشانگاوە دەگەڕاوە. ئەگەرچی بۆ توێژی خوێندکار دەوڵەت بۆنی کڕینی کتێبی ئامادە کردبوو، بەڵام دزی و گەندەڵی تەنانەت لە شتێکی وەك بۆنیشدا بوونی هەیە و لە زۆربەی شارەکان کاربەدەستانی پێوەندیدار بۆ خۆیان بۆنەکانیان دزی بوو و بە بەهایەکی گرانتر و بە دزییەوە بە خوێندکارایان دەفرۆشتەوە. سەرەڕای ئەوەی هێمامان بۆ کرد، بە هۆی ئەوەیکە زۆربەی دەزگاکانی چاپی کتێب کە بەشداریان کردبوو سەر بە رێژیم بوون کتێبی بەنرخ و زانستی زۆر بە دەگمەن بوونی هەبوو و زۆربەی کتێبەکان ئایینی و دەربڕی هزری رێژیم بوون، هەروەها ئەو تاقولۆقە کتێبە بەنرخانەی کە بوونیشیان هەبوو بە هۆی تیغی تیژی سانسۆرچییەکانی رێژیم زۆر بێ کەڵك کرابوون و هاوئاهەنگ لەگەڵ بۆچوونەکانی رێژیم خرابوونە بەر چاپ. هەر بۆیە پیشانگای ئەمساڵ زۆر بە کەمی کەوتە بەر سەرنجی توێژی رووناکبیر و خوێندکار. گرفتێکی دیکەی پیشانگای ئەمساڵ جیا کردنەوەی بەشی پەرتووکە بیانییەکان لە باقی بەشەکانی پیشانگا بوو، بە شێوەیەك کە دەرەتانی دەس پێڕاگەیشتنی گشت خەڵکی بۆ ئەم بەشە نەبوو و بە ڕای زۆربەی ئەو کەسانەی کە سەردانی پیشانگایان کردبوو ئەم کارەی رێژیم ئەگەرچی لە رواڵەتدا بۆ کارئاسانی بووە بەڵام لە ڕاستیدا بۆ بەرگری کردن لە ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ نووسەرو ناوەندەکانی چاپی کتێبی بیانی بووە و بەم شێوەیە بەشی بیانییەکان لە باقی بەشەکانی پیشانگا دوور کەوتبۆوە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە پیشانگای ٢٦مین کتێبیش جیا لە سەکۆیەك بۆ پڕوپاگەندای هزری رێژیم ئاکامێکی ئەوتۆی بۆ هۆگرانی بواری کتێب نەبوو و کەلتوور و زانست هەروا لە هەژاری و هەتیویدا مایەوە.



KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 605 ▪ 21 may 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

## زایەڵە

**فاتێح ساڵحی**

### ٢٤ی جۆزەردان بایکۆتی هەڵبژاردن

بیست و چوار ڕۆژی دیکە، یازدەهەمین خولی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی لە ئێراندا بڕیارە بەڕێوە بچێت و لەم نێوانەدا و لە بەرەبەری بەڕێوەچوونی ئەم شانۆگەرییەی ڕێژیم، پرسێکی سەرەکیی کە دیسان دێتە هەوێنی بنەڕەتی دژکردەوە پیشاندان لەهەمبەر ئەم دێماگۆژییەی ڕێژیمدا ئەمەیە کە، زۆرجار هەندێ لە لایەنەکان و تەنانەت هەندێ لە ڕووناکبیران و خەڵکانی ئاسایی ڕەخنە لە حیزبە ڕەسەن و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان دەگرن کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بایکۆت کردن و تەحریم کردنی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا بووەتە بنێشتە خۆشکەی سەر زاریان و بە شێوەیەك لە شێوەکان تەحریم و بایکۆت بووە بە پیشەیان.
بەڵام لە ڕاستیدا پرسیار ئەمەیە کە بۆچی پاش تێپەڕین بە سەر زیاتر لە سێ دەیە لە تەمەنی دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمە، هێشتا خەڵك و هەندێ لە لایەن و گرووپە سیاسییەکان و تەنانەت هەندێك لە ڕووناکبیران، نەهاتوونەتە سەر ئەو بڕوایە کە بایکۆت و تەحریم هەڵگری چ واتایەکی بنەڕەتییە؟
بایکۆت کردن و تەحریمی پرۆسەیەکی سیاسی یان خود کۆمەڵایەتی لە هەر شوێنێکدا پیشاندەری نەبوونی کەش و هەوای ئازاد و دێموکراتیکە بە پێی پێوەر و بەها مرۆییەکان و بەم پێیە حێزبە ڕەسەنەکانی کوردستانی ئێران و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەست کردن بە بەرپرسیاریەتیەکی مێژووی کە سەرچاوەی ڕەواییەکەی، خەڵك و مێژووی پڕ لە خەبات و دێموکراسیخوازی و درێژەدانی ڕێبازی پڕ لە سەروەری شەهیدان سوور خەڵاتی کوردستانە، بەو باوەڕە گەیشتوون، یەکەمین هەنگاو بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی وەك هەڵبژاردن بوونی پێوەر و پرەنسیپە دێموکراتیکەکانە. کە بە داخەوە لە سەدەی هاوچەرخی مێژووی دەسەڵاتداریی ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر وڵاتی ئێرندا نە تەنیا بوونی نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانە ئەوەی کە تا ئێستا بینراوە، برەودانی سیستمێکی دیکتاتۆری و پێشیلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بووە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە خوێندنەوەیەکی دروست و لۆژیکیی لە چییەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە شانازییەوە لە یەکەمین بەناو ڕێفراندۆمەکەی ئەم ڕێژیمەشدا بەشداریی نەکرد و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەکەوتە نێو داوی بازنەی جەماوەرفریویی ڕێژیم و لەم ڕێگایەشدا زۆریەك لە ڕۆڵە قارەمانەکان و تەنانەت ڕێبەرە گەورەکانیشی گیانیان بەخت کردووە.
ئێستاش پاش ٣٥ ساڵ، نەتەنیا هیچ شتێکی ئەو سیستمە لە بنەڕەتدا گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە بگرە لە زۆر بواردا بنەماکانی ئەو ڕێژیمە ڕادیکاڵتر بووە. بۆیە باشترین هەڵوێست لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە مانەوەی خۆی لە فریودان و سەرکوتی خەڵکدا دەبینێ، ڕابوونی ئیرادەی خەڵك و بایکۆت و تەحریمی ئەو شانۆگەرییانەیە کە تەنیا بەرخۆرییان بۆ ڕێژیم هەیە و قازانج بە هیچ تاکێکی ئازاد و دێموکرات بە هەر بیروبۆچوونێکەوە ناگەیەنێ.

# باوانی جگەرەکێش زیان بە کۆرپەلەکانیان دەگەیەنن



لێکۆڵینەوەیەکی ئوسترالیایی ئاشکرای کردووە ئەو منداڵانەی باوانیان لە کاتێکدا کە دایکیان سکپڕبووە پێیان و جگەرەیان کێشاوە ڕێژەی تووشبوونیان بە بەربڵاوترین جۆری شێرپەنجەی خوێن بە ڕێژەی ١٥ لەسەد زیاترە.

هەرچەندە ئەم توێژینەوە نوێیە چەندین هۆکاری تووشبوون بە شێرپەنجەی لەبەرچاو گرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دوای هۆکاری دیکەدا دەگەڕێ بۆ تووشبوونی منداڵان.

توێژەران بە سەرپەرشتیی ئەلیزابیس میلنی لە پەیمانگای تیلیسۆن بۆ توێژینەوە تەندروستییەکانی منداڵ دەڵێن ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستووە کە جگەرەکێشانی زۆری باوك لە کاتی سکپڕیی دایکدا هۆکارێکی مەترسیدارە بۆ تووشبوونی منداڵ بە شێرپەنجەی خوێنی جۆری هەرە مەترسیدار.

میلنی لە توێژینەوەکەیدا دەڵێ تۆوی پیاو پێکهاتەی دی ئێن ئەی لەنێوچووی بەهۆی تووتنەوە تێدایە کە لەوانەیە ببێتە پیتاندن لەگەڵ هێلکەدا و بەوەش دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی کۆرپەلە.

هەرچەندە شێرپەنجەی خوێن لە جۆری سێیەمی لە بەربڵاوترین جۆرەکانی شێرپەنجەی خوێنی منداڵانە، بەڵام تا ئێستا دەگمەنە و لە نێوان هەر ١٠٠ هەزار منداڵدا تەنیا ٣ تا ٥ منداڵ تووشی دەبن.

توێژەرەوەکان توێژینەوەیان لەسەر ماڵباتی ٣٠٠ منداڵ کرد کە ئەو جۆرە نەخۆشییەیان هەیە و لە خووی باوانیان جگەرەیان کێشاوە بەتایبەت جگەرەکێشانی دایك و باوك و ئەو منداڵانەیان بەراوردی کرد لەگەڵ ماڵباتی ٨٠٠ منداڵی دیکەدا کە ئەو نەخۆشییەیان نییە.

هەروەها توێژینەوەکە دەریخست ئەو باوکانەی لە کاتی سکپڕی ژنەکانیاندا ڕۆژانە زیاتر لە ٢٠ جگەرە دەکێشن مەترسی ئەو نەخۆشییە لەسەر منداڵەکانیان ڕێژەکەی ٤٠ لەسەدە.

پاتریشا بافلەری مامۆستای زانکۆی کالیفۆرنیا گوتی تا ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش مەترسیی کاریگەریی تووتنمان لەسەر کۆرپەلە نەدەزانی، ئەم توێژینەوەیە زۆر ڕاستیی بۆ یەکلا کردینەوە.

# زۆرخۆری نەزۆکیی دروست دەکات



چەندین تاقیکردنەوە کە لە ماوەی ڕابردوودا ئەنجام دراون، سەلماندوویانە زۆرخۆریی یەك لە هۆکارەکانی نەزۆك بوونە و تاقیکردنەوە لەسەر هەندێك ئاژەڵ کراوە کە دەیسەلمێنێ ئەو ئاژەڵانەی زۆرخۆری دەکەن ڕێژەی پیتاندنیان کەم دەبێتەوە، لە کاتێکدا ئەوانەی خواردنیان ئاساییە پارێزگاری لە توانای پیتاندنی خۆیان دەکەن، بەتایبەت ئەگەر خۆراکێك نەخۆن کە کالۆریی زۆری تێدابێ. لەبارەی ئەم دۆزینەوە زانستییە نوێیەوە دکتۆر حەسەن فکری بەڕێوەبەری بنکەی ئیبن سینا لە میسر دەڵێ جیا لە زیانەکانی زۆرخۆری کە بریتین لە قەڵەوی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکر لە خوێندا، دەبێتە هۆی پێکەوەلکانی مادەی فیتیك لەگەڵ خوێیەکانی کالیسیۆم و مەگنیسیۆم و خوێیەکی نوێ دروست دەکات کە ڕیخۆڵەکان ناتوانن هەڵیبمژن و ناتوێنەوە. دکتۆر حەسەن هەروەها دەڵێ زۆرخۆری لە ناندا ڕێگرە لە وەرگرتنی کالیسیۆم و بەوەش ڕێژەی لە لەشدا کەم دەبێتەوە و ئەو کارە دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانا جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ و ئێسکەکانی و لە هەندێك حاڵەتیشدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی ماسوولکەکان و تێکچوونی هاوسەنگیی مێشك و قورسبوونی هەرسکردنی ئاسن. زانایان لە ڕووی زانستییەوە بە زۆرخۆری دەڵێن بۆلیمیا و بە نەخۆشیی دادەنێن.

# ئۆتۆمۆبیلی فڕۆکە پێویستی بە شوفیر نییە



ئۆتۆمۆبیلی خەون، دوایین بەرهەمی کۆمپانیاکانی بواری تێکنۆلۆژیایە کە بە TF-X ناسراوە لە گرنگترین تایبمەندییەکانی ئەم ئۆتۆمۆبیلە فڕۆکەیە ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست پێویستی بە شۆفیر نییە. ئەم ئۆتۆمبێلە فڕۆکەیە پشت بە دوو بزوێنەری هۆشمەند دەبەستێت کە هێزی هەریەکەیان نزیکەی ٦٠٠ ئەسپە و بۆ سەرچاوەی وزە پشت بە گازی سروشتی و کارەبا دەبەستێت.
ئەم ئۆتۆمبێلە فڕۆکەیە توانای هەیە لە ماوەی کاتژمێرێکدا ٣٢٠ کیلۆمێتر ببڕێت.